رۆمانی

# "له پێناو کچێک"



نووسینی:
سێداد اسعد

## پێشەکی

،سوپاس بۆ ، خوای گەورە کە ئەو توانایەی پێم داووە بنووسم و بخووێنمەووە لەم رێگەیەووە، تواناکانی خۆم و مێشکم بۆ ئێووە دەرخەم، و ئێووەش لەوەی

،ناو هزرم بگەن، کتێب نووسین بۆ من کارێکی نووێیە، و چەند هەڵەیەکم دەبێت چی لە ئەدەب بێت یاخوود شێوازی نووسین، یان دەستەواژەکان، پێشنیار و رەخنەکانتان من گەوورە دەکەن، سوپاس هەموو ئەوانە ئەکەم کە پشتگیرم ئەکەن، و هانم ئەدەن، خۆشحالم کە ئەتوانم ئەم کتێبە بچووکە بنووسم و پێشکەش بە خووێنەری بکەم، بەهیوای سوود وچێژ .

:کورتەی ئەم رۆمانەش لە چەند خاڵێک سەرچاوە لەخۆدەگرێت کە پێکهاتووە لە ،عیشق، خیانەت، تۆڵە، درۆدابران...

ئەمڕۆ زۆر ناخۆش تێپەڕی دەست بۆ هەر کارێک دەبەم وەک گوڵێکی سیس لە دەستم ئەوەرێت، من یان بەختم نیە یان بەختم ڕەشە لە ڕابردوو توشی کۆمەڵێ سەختی و ئازار بووم چەندین نەشتەر گەریم بۆ کراوە

تایبەت ترینیان ئەوەیان بوو کاتێک هەواڵم پێ گەیشت برا بچوکەکەم لەلایان چەند کەسێک هێرشی کراوەتە سەر بەم بۆنەیەوە شەڕو فیتنە ڕووی لە منیش کرد و دوو چەقۆم بەرکەوت کە قوڵی چەقۆیک 8 سم بووو 11ڕۆژ بێ هۆش کەوتم گوێم بە ئازاری جەستم نە دەدا چونکە گریانی دایکم منی وردە وردە دەتواندەوە باوکیشم پێڵاوەکانی لە باوەش گرتبوو هەر ئەی وت سێداد کوڕە ئازاکەم چەندم وت مەچۆ ، بەساغی هاتیە دەرێ بە مردن چوویتە خەسەخانە، ناخۆشترین ساتەکانی ژیانم ئەو کات بوو نێتەوە خودایە، بەهەر حاڵ، من لەناو 5 براکە بەناز بەخێوکراوم چونکە نەشتەر گەری زۆرم بۆ کرابوو بەهۆی نازەوە زۆر قسە ڕەق و دڵ ڕەق دەرچووم تەنانەت جاری وا هەبوو لە سێیەرەکەشم تورە ئەبووم ئێمە خوشکمان نەبوو نازانم ناز هەڵگترنی کچ چۆنە من لەناو شەڕو کێشەو چوار دیاوار گەورە بوومە حەزم بە ڕەنگی ڕەشە چۆن بزانم کچ پەمەی لا تایبەتە شین ئارامی دەکاتەوە تاکە شت کە خۆشم دەویست و خوم پێوەی گرتبوو مۆبایلەکەم بوو وەک نەخۆشیک بوو نەم دەتوانی دەست بەرداری ببم...

دەمەوێت سەیرێکی مۆبایلەکەم  بکەم  بزانم بازاڕی ئەوێ چۆنە.؟

چەند ئادێکم بۆ  هاتوە ئەو کچەش ئادی ناردوە، دەی با

بزانم چی دەبێ کێ بێت و چی بوێت پێویستە قسەی لەگەڵ بکەم..!

+سەلام گوڵخانم ئاددت ناردبوو؟ بەڕێزتان ئەمناسن.؟

_سەلام لەتۆش نەخێر! ناو ناسم بەڵام پۆستەکانت زۆر لام جوان بوون بۆیە ناردم ..

+باشە بەهەر حاڵ ئەمەوێت بتناسم  ئەگەر مۆڵەت بەی و ئەمەێ ڕاو بۆچونمان بگۆڕینەوە و بیرو ڕا ئاڵو گۆڕ بکەین و سودمان هەبێ بۆ یەکەتر پێم وابێت تۆ خوێندکاری وە بۆ دکتۆرا ئەخوێنی بە حوکمی ئەوەی سەیری پڕۆفایلتم کردوە ؟

+بەڵێ قسەکەت ڕاستە من خوێند کارم..!

- باشە من خۆم دەناسێنم ،من سێداد لە شەقڵاوەم پیشەم باخەوانیە و کەمم خوێندوە

_منیش سۆکار لە......  خوێندکاری زانکۆم

+خۆشحالبووم خانم

-منیش بەڕێزم ...!

چەند ڕۆژێک ئەم قسانە ڕۆشتن

دوای باس کەوتە باسی دڵداری و ئیشق.،کە من خۆشەویستیم کردوە لە ڕابردوو یاخود ئەو کردویەتی؟ من بەژیانم کچم خۆشنەویستوە خۆشیشم ویستبێ نەم هێشتوە بەرامبەرم هەست بەوە بکات کەسایەتییکی توڕە و شەرمنم هەیە بۆ ڕەگەزی بەرامبەر زۆر بەئەستەم هەستەکانم دەردەبڕم بەڵام سۆکار خانیشم لا تایبەت بوو ،جاری یەکەم بوو کچێک زۆر بە زیرەکی وەلامی هەموو پرسیارێکم بداتەوە ئەویش دیار بوو جارێک خۆشەویستی کردبوو..

دوای 10 ڕۆژ قسەکردن زۆر بەترس قسەی دەکرد و کەم کەم چاتی دەنارد هەتا پێی وتم من سیقەم بە پیاو نیە نامەوێ قسەیان لەگەڵ بکەم منیش، لەڕەقی ئەو قسەیەی وتم شەرتبێ بۆی بسەلمێنم کە پیاو واتا چی چوونکە من دایم لە گەڵ کەسی بەرامبەر حەزم لە مناقەشەو شتی مەحاڵ بوو وتم دەرفەتێکم دەرێ بۆوەی خۆمت بۆ بسەلمێنم وتی پێویست بە دەرفەتو شت ناکات من کۆمەڵێ مەحاناتم هەیە ناتوانم قسەت لەگەڵ بکەم منیش سەرم نەخستە سەری بەڵام دەشمزانی خاڵی لاوازی چیە ئەویش سەرسامی گرینگی پێدانەکەم ببوو لەبەر مالەوشی نەیدەزانی چی چیبکات میشن هەر سور بووم لە سەر گرینگی پێدانی چوونکە دەمزانی ئافرەت هەروایە

ئەگەر نازی پێ بدەی

پایزانیش گوڵ دەگرێ..."؟" زۆر سەرسامی شێوازی قسەکردنم بوو لە کۆتایەوتی فەرموو تۆ دەرفەت دوای چەند ڕۆژێک بەگرەمی قسەکردن بە شەو بەڕۆژ ئەو پیاوە توند ڕەوە دوور لە عیشق و خۆشەویستی

هەستی سەیر سەیری لە "دڵ"ی دروست دەبوو هەرچەندە زۆرم لەخۆم دەکرد دەم وت دڵم درۆ دەکات ئەوەی من نابێ عاشق بێت من کەسێکی توند ڕەوم نازانم نازی کچو شت چۆنە تەنها دەزانم کە ژنت هێنا خێزانت برسی نەکەیت و بپارێزی دوای نەم توانی زاڵ بم بەسەر هەستەکانم تێگەشتم کاتی هات منیش عاشق بم کەچی زانیم سۆکار خانیش هەستی هەیە بۆم منیش نەمویست پێی بڵێم لەبەر کۆمەڵگاکەمان کە ئەیان وت خۆشەویستی ڕاستەقینە لە سۆشیال میدایا نیە..!منێک لە ڕوو بەڕوو سیقەم بە کچ نەبوو جا بەماڵێش بڵێم لە فەیسبوک ناسیومە..؟؟

دەچووم بۆ هەر شوێنێک ئەو کچە لە خەیاڵم دەبوو جاری وا هەبوو لە شوێنێکی بەرز دەوەستام و چاوم دادەخست سەرم بەرزەکرد و وامم دەزانی لە لامەو سەری خستۆتە سەر ملم..!!

ئێوارە بوو دەچوین بۆ یاری تۆپی پێ زۆر یاریزانێکی باشبووم جانتای یارم لەشانم داو ڕۆشتم بەرەو یاریگا لەوێ دووبارە سەیری مۆبم کرد بینم نامەی ناردووە منیش لەخۆمەوە دڵم بەنامەکانی خۆش دەبوو ئەوکاتانەی قسەم لەگەڵ دەکرد زۆر هەستم بەئارامی و دڵخۆشی دەکرد بەخۆمم دەوت منی پیاو ئەوەندە بەهێزو بەتوانام کەچی ئاسودەیم لە دەستی ئافرەتێکە ..، بینم نوسیبووی چۆنی گیان باشیت بۆ دەنگت نیە منیش وتم.. دەردی گیانت کەوێ لە گیانم کەتۆ ئەبینم دڵخۆش و کامەرانم

که لێشم ونی ئاوارەو سەر گەردانم

وتی بوویتە شاعیر بەسەرمانەوە

وتم من شێت و عاشق و شاعیرم

وتی شێتی کێی عاشقی کێی؟

وتم کەسی وا شکنابم بەس هەر بۆخۆشی وام وت چوونکە شێتو شاعیرو عاشق هەرسێکی لە یەک خەیاڵ دەژین...

دوای کەمێ قسە وتم یاریم هەیە ئەبێ برۆم ؟ کاژێر 12ی شەو دێمەوە خەت

وتی: برۆ بەڵامم وەرەوە

وتم: بەڵێنبێت دێمەوە  قسەش دەکەین بەم بۆنەیەشەوە ئاگاداری  ئەمشەو یەکەم شەوی پایزیشە..؟

وتی: بەڵێ گیان ئاگادارم دەی ئاگاداری خۆتبە خوات لەدڵ...!

له یاری تەواو بووم زۆر هیلاک بووم

دڵزار "براکەم من ناتوانم لەسەر قاچم بۆستم ئێستا بەم حاڵەش بچمەوە ماڵەوە"
دایکم سەرم دەخوا دەڵێ چەندم پێ وتی مەچۆ یاری..؟

!..نا نەخێر براکەم هەموو شتێک باشەبێت ئەمشەو جەوەکەش زۆر خۆشە_

جا بۆمن زۆر خۆشتریش دەبێت چوونکە کەسێک چاوەڕێم دەکات+

مەبەستت چیە کوڕە؟؟_

هیچ+

بیلێ_

مێشکت پێیوە سەرقاڵ مەکە مرۆڤێکە ئیتر دەی براکەم من ڕۆشتم خوات لەگەڵ+

خوات لەگەل براکەم_

لە شەقامێکی تەنها بووم پەپولەکان هاودەمی گلۆپ بوون منیش تەنهای بیرو هۆشم لای ئەو کچە بوو کە چی فاڵو سیحرێکی لێم کردوە وا دڵو مێشکمی دزیوە داوا بکەم زۆر زووە داوا نەکەم بەرگەی زیاتر بێ ئەو ناگرم دەبێ ئەمشەو یەکلا ببێتەوە !...بۆ مرۆڤ زۆر ناخۆشە کاتێک دەکەوێتە بارو دۆخێک حەزی بەشتێکە و ناشتوانێت دەری ببڕێت هەستم بە قورسایکی زۆر دەکرد لەسەر دڵم ..بەهەر حاڵ گەشتمەوە ماڵێ

کوڕم نان دەخۆی بۆت ئامادەکەم_

ناخۆم دایە سوپاس دەچمە ژوورەکەم دەمەوێ کەمێ پشو بەم+

!!...خودایە سۆکار لەخەت بێت ....الله لەخەتە خۆ

سەلام خانمی گوڵ+

سەلام گیان باشیت؟_

من باشم گەر تۆش باشبیت+

هەموو کات باشبە چونکە باشی تۆ واتا،باشی منیش_

بەقوربانت بم سوپاس دڵی من+

هەموو شتێکمان پێکتر ئەوت هەموو وشەکان قسەکان هەستەکان ڕستەکان دەستەواژەکەی بریتی بوو لە وشەی خۆشمدەوێیت بەڵام کەسمان،جورئەتی ئەوەمان نەبوو بەیەکتر بلێین !...دواتر سۆکار هاتە قسەو وتی دەمەوێت چەند شتێکت پێ بلێم سێداد؟

فەرموو خانم ئەمرکە+

سێداد ئەو قسانەی دەیکەم بەجدی وەری بگرە وا کاتەکەش درەنگە نزیک_ دووە؟

!...بەسەر چاو گیان قسەکە؟+

من دەمزانی چی دەڵێت وە دەشم زانی وەک مۆم گڕی ئەوین لە سینەی دایەو ناتوانێ ئەو ئاگرە خامۆش بکات بەر لەوەی قسەبکات دەمزانی چی دەڵێت وتی ...

سێداد گیان دڵی من دڵداری من هەر لەو چرکە ساتەی تۆم بینیوە زۆر بە خراپی_ خۆشم ویستی وەک خۆشەویستی باڵندەیک بۆ بێچوەکەی زۆر چاوەڕێی ئەوەم لە تۆ کرد کە بیلێیت بەڵام بۆ، نازانم، نەکرا، نەت ،وت، بڕیار بڕیاری خۆتە ڕازیت یاخود نا بەڵام تخوا ئەگەر ڕازیشنیت مەڕۆ بلۆکم مەکە خۆت ئۆن لاین مەکە بەبینیت دڵم ئۆقرەی نامێنێ کەسم...؟؟

هەرگیز من لەو باوڕەیا نەبووم کە ڕۆژێک بەم شێوەیە خۆشی بووێم و سەرەنجم ڕابکێشێ بەڕاستی من وەک پیاوێک تاسام بە شێوازی قسە ئەدەب و حاریفانە !!...کانی لە وڵام داوتم

ئەوکاتەی بەگەرمی وڵامی مەسجەکەت دامەوە هەر ئەوکات هەستێکی سەیرم+ بۆت هەبوو نەمدەزانی چۆن دەری ببڕم من خۆشەویستی نازانم تەنها ئەوە دەڵێم بە داواکەت ڕازیم و هەوڵدەم دڵ خۆشت بکەم زۆر زۆریش خۆشم دەوێت هەستەکانم بۆ تۆ سەیرن کاتێ نامەکانت دەبینم دڵم زۆر بەخێرای لێدەدات ڕاستە تۆ بەچاو دووری بەڵام بەدڵ نزیکی تۆ تاکە بێگانەی لە هەموو خزمەکانم !..خۆشترم دەوێیت

لە وڵاما فەرمووی ئەمشەو یەکەم شەوی عاشقمانە و یەکەم شەوی پایزیشە لەگەڵ دەسپێکی پایز خۆشم دەوێیت بەلام لێشت تووڕەم چەند جارێک داوای وێنەم لێکردوی بۆت نەناردوم من زانیومە کچ وێنە نانێرێت کوڕ داوای وێنەی کچ دەکات..؟

پێم وت بۆیە داوای وێنەم نەکرد هەتا دڵنیا نەبیتەوە لە پیاوەتیم وەخۆشم داوای !...ناکەم دەبێ خۆت لەوە بگەی کە ئێستا پێویستە یەکتر ببینین

لەپێشدا من نزیکەی 4 وێنەیکم بۆی نارد دیاربوو منی بەدڵ بوو بەنازێکەوە زۆر لەسەر خۆ وتی ئۆخەش نەمردم تۆم بینی چونکە فەیسبوکەکەم نەوێنەی خۆمی لەسەر بوو نە ناوی خۆم بوو.، وتی منیش پێویستە بینێرم ..؟ وتم سوپاست دەکەم کە بەشاینی متمانەی خۆتم دەزانی ئیتر وێنەی نارد !....چیم بینی من نازانم زۆر وەسفی بکەم تەنها ئەوە دەلێم شێوەی لە دڵۆپە ئاوی سەر گوڵەکانی بەهار دەچوو باڵایکی زۆر ڕێکو ناسکی هەبوو زۆر سپیو ناسک بوو بەڵام تایبەت مەندیکی هەبوو ئەویش چاوەکانی،بوون چاوەکانی زۆر زۆر گەورەو گەش بوون چاوی وام بەژیانم

.ئەم بینیوە ڕێک عاشقی چاوی بووم پێم وت

)چاوەکانت قەهواین کەسەیرم دەکەیت دەبنە هەنگوینی (چەندە جوانە کەسێکت هەبێت و تایبەت مەندیکی تایبەتی لەخۆی هەبێت تایبەت مەندی سۆکاریش ..چاوەکانی بوو، لە چاوەکانی دیار بوو پاکی و بێگەردی و ڕاست گۆی لێدەباری

بۆیە زۆر چووە دڵمەوە بینیم حیجابە هیچ کات ئامادە نەبوو وێنە بە بێ لەچک بنێرێت چونکە چەند جارێک داوام لێکرد بینێرێت بۆوەی پرچی ببینم دەی زانی من چەندە حەزم بە پرچی ئافرەتە نەی دەنارد ئەوەندە خۆشم دەویست ناوم نا ساکۆ ،ساکۆی دڵم لابەری ئێشی گیانم !..ئەوشەوەمان زۆر بەخۆشی تێپەڕاند شەوی وا دووبارە بوونەوەی نیەو نابێتەوە هەتا 5 ی بەیانی خەریکی نامە،گۆڕینەوە بووین باسی ژیانی یەکتری و چونە زانکۆ و ماڵەوەمان بووین من لە بنەماڵەیکی مام ناوەند لە دایک بووم ساکۆش بەهەمان شێوە بەڵام ئەو قەت گوێی بە هەژاری و دەوڵەمەندی نەدەدا لە کردەوەکانی دیار بوو پارە پەرست و بەدوای مۆدێل نیە، بۆیە دەڵێم هەموو کچێک پارە پەرست نیە هەموو کچێکیش خۆی نافرۆشێت بۆ کاغزێک کچی وامان هەیە کاتێ بەلامانا تێدەپەڕێت بەس هەیبەتو ناز بەجێ دێڵێ .پارەی لا پێداویستیکی سەرەتای ژیانە نەک خەو خۆراک سەیارەی بۆ کاری پێویستە نەک زەواجی لەگەڵ بکات خانوی بچوک بێت دڵیان گەورە بێت نەک داوای ڤیلابکات خەندەو بەڕووی و زەردەخەنەی لەناکاو لای ئەو تەمەنێک مێهرەبانیە بەهەر حاڵ شەو ڕۆشتو بەیانی هات چوومە دەرەوە "فەرهەنگی "هاوڕێم بینی کە زۆرترین متمانەو ڕێزمان لە نێوان !..هەبوو زۆر سیقەم پێی دەکرد تەنها ئەو کاتانە لێکتر دادەبڕایان کە دەخەوتین

فەرۆی برام چۆنی؟

باشم سێداد تۆ باشی_

من باشم کەسم+

هەر باشبیت ، چیە برام دڵ خۆش دیاری چیە با ئێمەش بیزانین؟_

واللە هی فەرۆ ئەوەی ڕاستی بێت تۆ وەک برام وایت ناتوانم هیچت لێ بشارمەوە وەرە پیاسەیک بکەین شتێکت بۆ باسەکەم

..باشە براکەم فەرموو_

بەدەم ڕێگاوە بووین جەوەکەی زۆر خۆشبوو بۆنی بەهار دەهات مەسەلەکەم حەرزی فەرۆ کرد

..فەرۆ برام من کچێکم خۆشدەوێت ناوی سۆکارە+

!!لەخۆشویستنی ناوم ناوە ساکۆ زۆر مورتاحین پێکەوە

هلا هلا واللە پێم خۆشبوو پیرۆزە کاکە کەی براژن بناسم؟؟_

کورە دە بۆستە باجارێ خۆم زیاتر بیناسم ئەوکات لە کاتێکی نزیک پێت+ ..دەناسێنم

!..زۆر باشە براکەم خۆشحال دەبم_

دەی من سەرێ لە ساکۆ دەدەم هەر خەریکی گواستنەوەی زانکۆکەی بوو بزانم گەشت بە کوێ وتی دەچمە دەربەندیخان لەوێش بۆ سلێمانی لەبەر دڵی من گوایە !...بێتە نزیکتر تا بتوانم پێی گەم

خۆی لەخەتە با قسەی لەگەڵ بکەم+ ..سەڵام دڵەکەم چۆنی باشیت خەریکی چیت؟

سەلام هەناسەکەم واللە هیلاکم لەگەڵ خاڵمم بەرەو دەربەندیخان بەڕێکەوتوین_ لەوێش دێینەوە سلێمانی دوایش بۆ هەولێر

ئێ باشت کرد دڵم+

سێداد تۆ ئەوە دەزانی من ناوم لە زانکۆی حوکمی گەڕاوەتەوە بەڵام تا لەتۆ_ نزیکتر بم دێمە شارێکی نزیکتر و زانکۆیەکی ئەهلی؟؟

شەرمەزارم دڵەکەم لەسەر خێر ان شاءالله+

دەی تاقانە خاڵم هات دەبێت بڕۆم+

باشە کەسم ئاگات لەخۆت بێت؟+

ساکۆ زۆر کەسێکی باشو ڕاست گۆبوو دەیزانی نێوانی شەقڵاوە بۆ دەربەندیخان سەحات ڕێگایە لەبەر من هاتە نزیکتر تا زوو زوو بچمە حزوری؟ دوای 4 ماوەیکی کەم زانکۆکان کرانەوە ساکۆش هاتە زانکۆ نریکەکە کە کۆیە بوو

سەحاتو نیو لێم دوور بوو وە بە فەرۆشم ناساند نێوانیان ئەوەندە بەهێز بوو 1 لەخوشک و برا دەچوون زۆر بەی کاتەکان

فەرۆ بەهانامان دەهات بۆ کێشەکان.خۆشەویستیمان درێژەی کێشا گەشتە نزیکەی سێ مانگ ڕۆژێک هەستم بەوە دەکرد ساکۆ درەنگ وڵامی نامە دەداتەوە منیش زۆر بە خێرای وڵامم دەدا لە ڕاستیە بێ ئیش نەبووم بەڵکو نەم دەویست ئیهمالی بکەم کەوتمە؟شک و گومان لێی داوای پاسوردو ئیمێلی فەیسبوکەکەیم کرد پێدەچوو پێی ناخۆش بێت کەمێکی پێچوو تالێم سەند.

دڵ پیس نەبووم بەس زۆر بە ئیرەی بووم لەویش دڵنیا بووم بەڵام لە مێشکی ئەوانە دڵنیا نەبووم کە لە نزیکین و لە دەوری دەسوڕێنەوە،،،، ئێمەی پیاو بۆیە لە پیاوێکی تر دەترسین چوونکە لە پیسی خۆمان دەگەین ژنەکانیش بۆیە لە ژنەکانی تر دەترسن لە مەکرو نازی خۆیان شارەزان چۆن بەنازەکانیان پیاوی پێ مەست دەکەن بەهەر حاڵ وتم با سەرێک بدەم لە فەیسبوکی بزانم چی دەگوزەرێت ؟ کاتێ بینیم لەگەڵ کوڕێکی تریش قسەدەکات بەڵام وەک خوشک و برا هەنێ جاریش بەیەکتریان دەوت شێتە و ناشرین و گیان...هتد

زۆر پەست بووم زۆر خراپ توڕەبووم جا من،کە تووڕە دەبم کۆنتڕۆڵی خۆم لەدەست دەدەم چاوەڕێم دەکرد بێتە خەت؟؟ هاتە خەت و وتی

_سەڵام کەسوکارم

+سەلام لەتۆش

_چیبووە گیان نەخۆشی،بۆ وا ساردی

+نا،هیچم نیە باشم ....

ساکۆ پێداگری کرد لەوەی بزانێت دەردم چیە

_سێداد مەگەر تۆ نەت وت لە خۆشیو ناخۆشی هاوبەشو هاودەمین ئێستا کەتورەی چیتە؟؟

+باشە ساکۆ ئەوکوڕە کێیە؟ قسەی لەگەڵ دەکەی؟

_کامە کوڕ؟

+ فڵان دەڵێم؟ بلۆکی دەکەی نامەوێت قسەت هەبێ لەگەڵی؟

_سێداد من بلۆکی ناکەم؟ ئەو پێش تۆش بناسم ئەوم دەناسی؟؟

+کەواتە بڕۆی لای ئەو هەتا بلۆکی نەکەی چاتو تێلت بۆم نێت...

_الوو سێداد سێداددددد...!

ئەم هێشت قسەکانی تەواو بکات ڕونکردنەوە بدات توڕەی سەرتاپای گیانمی گرتبوو بۆیە بەڕووما داخست..!

سەیرکە خودا شاهیدە پشتمت خراپ شکاندوە ئەوش تێدەپەڕێت

بەڵام بیرت نەچێت یەکێک لەو سەرومیە بەناوی خودا ئەو لە نێوان من و تۆ دادوەری دەکا...!

بۆچی هەمیشە کاتێک یەکێکمان خۆشدەوێت تەنیات دەکاتو دەڕوات؟

بۆچی،دەبێت هەر شتێک کە بمەوێت؟ تەنیا داغی بۆ بخۆم..؟ تەلەفونەکەم بەسەر داخست زۆر توڕەبووم زۆر بێزار بووم هەستیشم بەوە دەکرد ئەویش لە ناو چوار دیوار دەگرێیت جاری یەکەمان بوو شەڕبکەین ،من خۆم گرت بۆوەی قسەی لەگەڵ نەکەم بەڵام ئەو نەیتوانی !..پەنای بۆ فەرۆ برد زۆر گریا بوو زۆر گلەی کردبوو وێنەی بۆناردبوو دووچاوە گەشەکانی خوێنیان تێ تێزابوو فەرۆ هاتو وتی...!

!..سێداد مەگەر دەکرێ؟ دەبێ ؟ تۆ وا لەم کچە بکەیت حاڵی زۆر خراپە برام_

واز بێنە برام شاینی ئەوەیە کەوای بەسەر بێت بەژیانم کەسێکم خۆشویست+
پەشیمانی کردمەوە

!.لەخۆشەویستی

نەخێر برام چاوەڕێت کردبایە ڕوونکردنەوە بات.؟_

ڕوونکردنەوەی ناوێت هەموو شتێک دیارە، ئەو کەسەی بەنیازم بیکەمە هاو+
سەفەر و هاوژینم قسەی منی شکاند لە پێناو کوڕێکی بێگانە چەند جارێک پێم
وت چی دەکەی بیکە بەس کەسی سێیەم مەخە نێوانمان ئەگەر هاتوو کەسی

هێوربەرەوە براکەم دەی قسەی لەگەڵ بکە لەسەر قسەی ئەو هاتومم تۆش_
!..لەسەر قسەی من قسەبکەن و گوێبگرن بزانا چی دەڵێت

!..باشە براکەم لەبەر دڵی تۆ قسەی لەگەڵ دەکەم+

کەمێکی پێچوو دەمو چاوم شۆرد خۆشم زۆر خراپ بووم هەستم بە قورسایک
!!دەکرد لەسەر دڵم وەک ئەوەی دڵم لەنێوان دوو تۆت ئاسنی پۆڵاین بێت
!...هێوربوومەوە زەنگم بۆی لێداو هەڵی گرت و وتی

تاقانەکەم عیشقم کەسم هەناسەم من بێ تۆ ناتوانم تۆش خەریکە لەپێش چاوم_
دەڕۆی ڕۆیشتنت هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ ڕۆیشتنی ڕۆح لە جەستە،بۆناهێلیت
تێو گەینم کە ئەسڵی مەسەلەکە چیەو چۆنە؟

فەرموو گوێم لێتە قسەکانت بکە بزانم ئەمە کێیە وای کرد ئێمە دڵمان بێشێت و+
ناخۆشی خستە نێوانمان.؟؟

کەسم "ئەو جگە لە برایک زیاتر نیە بۆمن وە"_

بەسنوریش قسەی لەگەڵ دەکەم نەم هێشتوە بگاتە ئەو حەدەی کە سنور ببەزێنم، چوونکە دەزانم سنور ببەزێنم خۆشەویستی من و تۆ بەرەو

ئاقارێک دەڕوا گەڕانەوەی نەبێت بۆیە بەڵێن بێت بلۆکی بکەم و قسەی لەگەڵ نەکەمەوە...!

دڵ خۆشبووم بەو قسەیت چونکە قسەی لەگەڵ بکیتەوە ناهێلم من ببینیتەوە+

باشە گیانەکەم بەسەرچاو؟_

ئێمەی کوڕ دڵ پیس نین تەنها ئەو شتانە دەپارێزین کە موڵکی دڵن، بۆکوڕ ناخۆشە ئەو کچەی کە خۆشی دەوێت قسە لەگەڵ برای خۆشی بکات لەسەر هەموو پیاوێکە و ئەرکە ئەو ئافرەتەی کە لەگەڵیەتی بیپارێزێت جگە لە خۆی کەس نەیدوێنێ کەس سەیری نەکات بەڵام کچان بەشێوەیکی ترو لە دیوێکی تر دەڕوانن ئەگەر تۆ دیوارێکت لەپێشبوو لە ژێر دیوارەکەش بەردێک هەبێت ئەو تۆ دەزانی ئەو ڕووە دیوارە بەردێکی لە پێشە بەڵام نازانی لە دیوەکەی تر چی هەیەو چی دەگوزەرێت !!بۆیە کچینە کاتێک کوڕێک لەسەر کوڕێکی تر لێت تورە دەبێت حەقی پێبدە !.ئەو دەزانێ چی ڕوو دەدات ئەگەر لەگەڵی بڕۆیت.

بۆیە بەشتێکی تریش وەری مەگرن، ساکۆش بیدایەتی ناسینی بە منی دەوت براکەم هەتا لە کۆتایە بووینە خۆشەویست..!

جا ئەو شەوەمان تێ پەڕاند بەناخۆشی، و گریان کاریگەری ئەو قسانەی هەر لەسەرم بوو مرۆڤ جاری وایا لە ناچاری توشی هەندێ بڕیار دەبێت کە نا بەدڵی خۆیەتی بەڵام شکور من بڕیاری هەڵەم نەدا هەندێک جاریش بیرم دەکەوتەوە کە من بوومەتە هۆکاری گریانی ئەو کچە گومانم لە پیاوەتی خۆم دەکرد، ئافرەت ڕێک لە قاوەی سەر مێزەی کافیەکان دەچێت ئیهماڵت کرد سارد دبێتەوە بەیانی هاتوو ساکۆش هاتەوە زۆر کچێکی بەهێز دیار بوو دەیتوانی هەموو شتێک لە بیر بکات زۆر بە ئاسانی،، چۆن قژی دەخستە پەشت گوی ئاواش ناخۆشیەکانی پشت گوێ دەخست کە قسەی بۆم دەکرد لەو کچەی شەو ناچوو کە خەریک بوو بمرێت ..بەهێزتر بوو لە بەهێز ..بەهەر حاڵ بەیانیکی زوو بوو تیشکی خۆر زۆر بە جوانی لە زەوی و قەد پاڵی شاخەکانی دەدا ساکۆش لە خەت بوو مەسجێکم بۆی نارد بۆم نوسی

بەیانیت گوڵ خانمی من تۆ ڕێک لە گوڵی سەر مێزی نان خواردن دەچیت کاتێک دەی بینم دڵ خۆش دەبم

تۆ گوڵە شەو بۆی؟ یاخود گوڵە ئەرخەوان؟_

لە ولامدا وتی...؟

سەلام هەناسەکەم بەیانی تۆش باش هیوای باشیت بۆ دەخوازم هەوڵدە لەگەڵ+ دەسپێکی بەیانی خۆشت بووێم تا کاتی خەوتنمان..؟

زۆر خۆشم دەوێیت ساکۆ خۆشەویستیت لە دڵم جێگای نابێتەوە دەترسم دڵم_ شەق بەرێ و بمرم.!

خودا نەکات دە وامەڵێ تخوا سێداد..!+

ساکۆ!!..کەی ئەو بەیانیە لە گەڵ تۆ بەرێ دەکەم لە ماڵێکی بچوک لە _ حەوشێیکی پڕ گوڵ لەسەر گوڵەکان چۆڵەکە لە چۆڵەکەکان خوێندنی ئاوازی بەیانی لە بەیانیشا تۆ لەگەڵ چای و تاوەی هێلکە بێیت و دانیشت لە دیارمەوە جا چای تێبکەیت و منیشت سەرم بسوڕمێ سەیری تۆ بکەم یان گوڵەکانی، حەوشە؟ تۆش جار جارە نازم بۆ بکەیت خۆت بەراورد بکەیت بەگوڵی سەر کراسەکەت بلێی من جوانترم یان ئەو گوڵەی بەرۆکم؟؟

پیاوەکە تۆ تەنیا لەگەڵم بە هەموو شتێک باشدەێت!!+

لەگەڵتم بۆ 15 ساڵ بۆ 20 ساڵ بۆ 100 ساڵ بۆ ناخۆشیەکان بۆ هەموو_ ئەوشتانەی تۆ دەتەوێت و حەزیشیان پێناکەیت بۆ ئێستا بۆ داهاتوو بۆ رابردوو، بۆ کاتی پێویست بۆ پیاسەی ژێر باران بۆ ماڵی تەنهایم بۆ ئاودانکردنەوەی دڵەکان...!

!!قوربانت بم کەسوکارم خودا تۆم بۆبهێلێت اللهم امین یارب+

امین تۆش هەروا خانمەکەم دەی_

ئێستاش دەبێت بڕۆمە سەر کارەکەم ئەگەر مۆڵەت بەی دەڕۆم گیان؟

بڕۆ خۆشەویستەکەم ئاگاداری خۆتبە بیریت نەچێت نانەکەت بخۆیت و+ قەمسەلەکەشت بپۆشی تا سەرمات نەبێت.؟

من شێتی ئەو کچە دەبووم کاتێ ئەو قسانەی دەکرد بەڕاستی،زۆر هەستێکی خۆش بوو بۆ پیاوێکی وەک من کاتێ هێزو بەختەوەریم لەئافرەتێک دۆزیوەتەوە ئافرەتەکان بەهێزنین بەڵام دەتوانن بە هێزت بکەن لە پشت هەموو پیاوێکی سەرکەوتو ئافرەتێکی زیرەک هەبووە ئەوان جوانن بەڵام عەقلیان وەک منالّی ناو بێشکە سافو بێگەردە ئەوان ئەگەر بەقەد جوانیان زیرەک بان سێ لەسەر یەکی پیاوەکان سەر گۆی زەوی بێ ژن دەبوون.، هەروەک پیاوێک لە پیاوێک دەپرسێت

ئافرەتەکان بۆ وا جوانن؟

!!لە وڵام دا وتی :تا تۆ خۆشت بوێت

وتی :ئەی بۆ وا بێ عەقڵن؟؟

!!..وتی :تا تۆیان خۆشبوێت

مەبەستم لە بێ "عەقڵی "واتا گەمژەی نیە بەڵکو عەقڵی ئافرەت بەراورد بە پیاو ناکرێت ئەوان ڕازیکردنیان لە هەموو ڕوویێک ئاسان و زوو دەچنە چوار !....گۆشەی متمانەوە

ئیتر دەچوومە سەر کارەکەم و ئێوارانیش دەهاتمەوە هەموو گیانم ژانی دەکرد لەبەر ماندوویەتی ..شەوانیش وەک بلۆک نازی ساکۆم هەڵدەگرت،ساکۆش دیار بوو هێزی دووری نەمابوو هەتا پێی وتم

ئەرێ سێداد کەسم دەمێکە پێکەوین بەنیاز نیت بێیت و سەرێکمان لێبدەیت؟

_ چۆن نایمە،لات دڵی من کەی،تۆ وتت منیش دێم دەزانی منیش چەند حەزەکەم تۆ ببینم ..؟

+ کەوایا دووشەمەی داهاتوو وەرە لام چونکە دووشەمان کاتم زۆرە و وانەکانم کەمە...!

_بەسەر چاو خانمەکەم پەنا بەخودا دووشەمە دێم بەڵام بابچم جل بکڕم و حەلاقێکیش بکەم..!

+سێداد لەسەر سەلیقەی من جڵ بکڕە باشە کەسم؟

_باشە گیان با قسەی تۆبێت دەتەوێ سەلیقەم چۆنبێ؟

+ساده ڕەش وەرە گیانم..!

_باشە ماڵەکەم..،

یەکشەمە بوو چووم جلم کڕی و لەسەر قسەی خۆی و سەرێکیشم لە نزاری ئامۆزام "دا نزار هەم "دەلاک "بوو هەم "تەکسی "ش هەبوو بە نزارم وت" سبەی دووشەمە سەفەرێکمان هەیە من و فەرۆ دێینە لاتو سەریشمان چاک بکەو دەچینە کۆیە؟ نزار وتی بەسەر چاوو !...شەوی دووشەمە بوو من و ساکۆ وەک ئەوەی لەسەر دونیا موژدەی بەهشتمان پێبدەن دڵ خۆشبووین باسی !.. کۆمەڵێ شتمان کرد وەک چی بۆ بکڕم بێمە کوێ سەحات چەند

ساکۆ دڵم دڵ خۆشم گیانم دوای ئەو هەموو ماوەیە بە مەعشوقەکەم شاد دەبم+ دەزانی چەند هەستێکی خۆشە بەیانی ئەو دوو چاوە گەشانەت دەبینم بەڵام بەڵێنیشم پێ بدە کە لەچکەکەت لادەی تا پرچت ببینم زۆر حەزەکەم ببینم

دڵەکەم منیش زۆر دڵ خۆشم نازانم چۆن ئەو هەستە دەرببڕم؟_

لە دەمم لە دڵم ناوترێ نایتە دەرەوە وە بۆ مەسەلەی پرچیشم نیشانت دەدەم بەڵام تۆش بەڵێنێکم دەرێ ناشرین؟؟

دەی ئەمر بکە شازادە سەندرێلا+

کە هاتی سوراوت بۆ دەکەم باشە ..؟_

...نا من ڕقم لە مکیاژ و شتە خۆت دەزانی چەندە پێی تێک دەچم +

کێشەی خۆتە قسەی خۆم کرد ..ساکۆ بەحاڵ ڕازی کردم سوراوم بۆ بکە_ .. زور پێدەکەنی ئەوشەوە زۆر دڵ خۆش دیار بوو

ئیتر کاتی خەو هاتو ساکۆم بەڕێ کرد قسەم لە گەڵ فەرۆ کرد کە بەیانی دەڕۆین و کامێرای سەرهەنگی براشی بێنێت بۆ ڕەسم گرتن فەرۆش وتی ..منیش دێم زۆر دڵم خۆشبوو کە ئەویش وتی دێم

بەیانی ناهات خەریکی بوو وەک یەعقوب چاوەکانم لە دەست دەم لە تاو ڕۆژێکی نوێ سەرم خستە سەرسەرینەکەم و سەیری سەقفەکەم دەکرد خەیاڵم دەکرد ئای چەندە خۆشە بەیانی بە شازادەکەم دەگەم" !...کات "چەندە درێژی بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بچن بۆ دیداری ئازیزێکیان "کات "چەند زوو دەڕۆی کاتێ لای ئازیزێکمانین،لە کۆتایە بەیانی هاتوو منیش نەمردم بەو حەسرەتە، فەرۆش ئامادەبوو سەحات 8 بوو لای دوکانی نزار بووین لە پێشدا من سەرم چاک کرد بۆوەی بەهندێ شتی تریش ڕابگەم سەرم چاکردو چوومە دوکانی ئێکسسواڕات و ملوانکەیکی زۆر جوانم بینی کۆترێک بوو دوو باڵی لێک دابوو خەریکی فڕین بوو کڕیم و پارەکەم داو هاتمە،دەرەوە لە دوکانەکە، فەرۆش سەری و پرچی چاک کردبوو هەندێ وێنەشمان گرت ناو ..بازاری شەقڵاوە بۆ یادگاری

ئیتر کاتی ڕۆشتن هاتو نزاری برام سەیارەکەی هێناو نزیک سەحات 12 ە بوو بەڕێکەوتین زۆر دڵم خۆشبوو

لە ڕێگا هەر خەیاڵم لای ساکۆ بوو قسەم لەگەڵ دەکرد وتی منیش لە ماڵەوەم واخەریکی خۆ گۆڕینم بیرت نەچێت جلەکانم "زەردن "بۆوەی بمناسیتەوە؟؟

...پێم وت باشە گیان

زۆر سەرم ژانی دەکرد لەبەر کەم خەوی و بازاڕ کردن و دووری ڕێگاکە و ..ناو سەیارە

بۆیە کەمێک خەوتم تا گەشتمە کۆیە لەوێ دابەزین برسیمان بوو نانمان خوارد و تۆزێکیش گەڕاین تا زانکۆکەمان دۆزیەوە ساکۆش تێلی کرد وتی من لە ڕێگام وا دێم ئیتر خەریک بوو بمرم لە حەسەرەتی چاوڕوانی زۆر دەلەرزیم تا بیبینم لە کۆتایە وتی من هاتم و تۆش وەرە پشتی زانکۆکەوە وتم باشە تێلت بۆ دەکەم دایمەخە تا دەت دۆزمەوە؟؟ وتی باشە گیان نانمان خوارد تێلم بۆی کرد وتی وەرە من چاوڕێتم منیش چووم )40 (هەنگاوێک لە زانکۆ کە دوور بووم هەر دەمڕوانی کامەی خۆیەتی ئەویش دەیوت زیاتر بەسەر کەوە منیش زۆر دەلەرزیم پەرۆش بووم تا بیبینم بۆ کەسێک ناخۆشە جاری یەکەمی بێت کچێک ببینێت و جورئەتی خۆی دەوێت تا بەرووەڕووی کەسەکە دەبێت کە خۆشی دەوێت .لە کۆتایە 15 هەنگاوێک مابوو پێی بگەم ساکۆم بینی لە ژێر دیواری زانکۆکە وەستابوو چاوەڕێی منی دەکرد لە شوێنی خۆما وەستام و بە تێل پێم وت من تۆ دەبینم بەڵام تۆ من نابینی زۆر سەیری ئەملاو ئەملای کرد وتی کوای وتم واهاتم نزیکتر بووم بینیم حەینەکێکی دکتۆرای لە چاوە کتێبێکیشی لە دەست بوو ڕاستەو خۆ لە پشتەوە تێلم دانەخست وتم چۆنی ئاوڕێکی دایەوە مۆبایلەکەی لە بن گوێی هێنا خوارەو یەکەم شت گریان لە چاوی قەتیس بوو منیش زۆر تاسام بەبینی ئاگادار بووم دە خولەک بەس بە چاو قسەمان دەکرد نەمان دەتوانی،قسەبکەین هەر سەیرکردنێکی نامۆیان بوو هەتا وتم مامۆستا گیان تۆ باشیت؟ زۆر بە شەرمەوە بە دەنگێکی نزم وتی باشم سوپاس ..دیار بوو زۆر شەرمی دەکرد وتم بابڕۆینە ناو سەیارەکە و ئەویش لە تەنیشتم دەڕۆشت نەمتوانی دەست لە دەستی بەم نزیک سەیارەکە بووین فەرۆ لە پێشەوە بوو منیش دەرگای سەیارەکەم بۆی کردەوە سواربوو منیش لە تەنیشتی سوار بووم تۆزێک ڕۆیشتین زۆر شەرمم دەکر لە پڕێکە دەستی گرتم منیش توندتر گرتم

وتم پشتت لەمن بکە وتی بۆچی وتم تۆ پشتت لە من بکە پشتی لەمن کردووک ملوانکەکەم لە ملی کرد زۆر لای جوان بوو وتی سوێند بەخوا جاری یەکەمە شتی وا جوان ببینم تایبەت کچانەش بێت وتم بەخۆشی لەبەری بکەیت کەسم بیرت نەچێت بۆ هەر کوێیک چوویت لە ملت نەکیتەوە بۆوەی لە هەمووکاتەکانت بزانی من لەگەڵتم وتی باشە گیانم بەڵام منیش دیاریم بۆ هێناوی زۆر پێم ناخۆش بوو کە دیاری بۆم هێنابوو لە ڕاستیە حەزم بە دیارە بەس بە پارە نەیکڕی بێت !...سەحاتێکی ڕەشی بۆم هێنابوو زۆر لام جوانبوو ئێستاش لام ماوە دڵم نایە لە دەسی کەم ::وتی دانیشە من دانیشتم خۆشی دانیشت پشتی داوە دارەکەو سەری منی خستە کۆشی قسەی بۆ دەکردم جار جارەش ڕوومەتی ڕادەکێشام دەیوت بۆ وا ناشرینی تۆ، دەموت چیبکەین بەبەشی خودا ڕازین  نزیک ئێوارە بوو وتی سێداد دەزانم نوێژ ناکەی  بەڵام سوێند بەخوا ئەگەر چوویتەوەماڵەوە لەم ساتەوە نوێژ نەکەی بەژیانت من نابینیتەوە ناهێلم دەستت بەر دەستیشم کەوێت وتی هەر بۆ خۆت باشە هەر بۆ ئێمەش بەشکەم خودای گەورە دوعای یەکێکمان قبوڵ دەکات..؟ ئیتر بەڵێنم پێیدا قەت نوێژەکانم لە دەس نەدەم سوپاس بۆ خودا لەسەر قسەی ئەو تەوبەم کرد جگە لە سەحاتەکە و خۆشی دیاری بوو نوێژیشی پێ بەخشیم !!!..من هەر سەرم ناو کۆشی بوو کوڕێک هاتو وتی جەوتان خۆشە هاوڕێیان ؟ وتم بەڵێ خۆشە ئەگەر خەڵک لێمان ناخۆش نەکات وتی برام بە هەڵە تێمەگە هاتووم بزانم هیچتان ناوێت وتم نەخێر برا هیچمان ناوێت خێزانەکەم دڵی دەرەوەی دەخواست منیش هێناومە !..سوپاس."؟؟ کابرا وتی برام ئێرە شوێنی مەی خۆرەکانە ئاگاداری خۆتانبن" ڕۆشت و ساکۆش وتی

بۆ وا قەسە ڕەقی سێداد مەگەر کابرا خۆ داوای منی نەکرد ؟؟ _

جا بۆ داوات ناکات..؟+

بۆچی چی لێدەکەی؟؟_

!...هیچ تەنها ناهێلم جارێکی تر قسە بکات_

واتا چۆن گیانم؟_

واتا زمانی دەردێنم+

ئەی ئەی ناشرینی تورە دڵ پیس بەهۆی توڕەیتەوە زۆر زوو پیر دەبیت_

کێشە نیە پیریش بم بەو مەرجەی تۆ لەلام بیت و وەک گۆچانێک بی نەهێڵیّ+

لەم قسانەیا بووین کاتەکە درەنگ بوو چوونکە دەوامی ساکۆ لە 3ی ئەسر تا ی ئێوارە بوو هەڵساین و بڕۆینەوە لای زانکۆ هەر گلەیم لە کات دەکرد بۆ6 وازوو دەڕوات ئیتر ساکۆ دەستمی گرت و سەیارێک هات ساکۆ ترسا لەوەی مەیخۆربن دامە پەنای خۆم و سەیارەکە لە بەردەمان وەستا بینیم هەمان ئەو کوڕە بوو کە هاتە لامانو وتی هیچتان ناوێت ساکۆ بەدزیەوە لە پەناما سەیری دەکرد منیش سەرم نزم کردەوە بینم کابرا 4 کچی هەڵگرتوە بە ساکۆم وت بێتە دەرەوە لە پەنام خۆی بەمنەوە لکاند کچەکان هاواریان کرد واااى ئەمانە چەندە جوانن پێکەوە !!مۆبایللەکانیان،دەرهێنا ڤیدیۆمان بکەن وتم چیە کچ و کوڕتان نەبینیەوە وتیان بینیومانە بەلام وەک ئێوە جوان نا کچێک لە پێشەوە بوو زۆر سەیری دەکردم زۆر توانجی لێم دەدا ساکۆش خەریک بوو بتەقێت وا پەست ببوو بەو کچە .ئیتر حادەتی کچە کاتێ ئیرەی دەبات خۆزگە دەخوازێ کچی بەرامبەری بەدەستەکانی بنێژێت !..دەستی گرتم و بە توڕی وتی بابڕۆین شەومان بەسەر هات بە نزام وت بێت و بمان بات سواری سەیارەکە بووین ساکۆ وتی_ ....سێداد بیرتە بەڵێنێکت پێم دا؟

بەڵێنی چی ناوالله..؟_

!!دەمزانی مەبەستی سوارەکە بوو بۆوەی بۆیەم کات ڕقم لە ماکیاژە خوا بیبڕێت

وتی خۆت تورەمەکە هەر دەیکەم بەزۆر سوراوی بۆم کرد وێنەی دەگرتم لە گەڵ فەرۆ گاڵتەیان پێم دەکرد زۆر ناخۆشبوو

ساکۆ ڕۆشت منیش بە دڵتەنگی و بەگریانەوە ڕێگام گرتە بەر ئەو شوێنانەم بەسەر دەکردەوە کە یەکەم جار لەوێم بینی بوو بوومە هاودەمی جگارە خەمەکانم لە دووکەڵی جگارە زۆرتر بوو تا گەشتمەوە لای نزارو فەرۆ منیان بینی و زانیان حاڵم هیچ باش نیە فەرۆ دەرگای سەیارەکەی کردەوە منیش هەر دەگریام تاگەیشتینەوە ماڵەوە دایکم هەستی بە دڵتەنگی کردم و وتی...

کوڕم هیچ باشنیت هیچ بووە؟+

!!..وا لە دایک مەڕوانن ئەوان باشترین دکتۆری دەرونین بۆ منداڵەکانیان

!..دایکە سەرم زۆر دێشی دوای باسی دەکەم بەڵێن بێت ئێستا کەمێ دەخەوم_

.باشە کوڕم+

نزیک 8ی شەو بوو گەیشتمەوە ماڵەوە 11ی شەو هەڵسامو قسەم لەگەڵ دایکم کرد کە ئەو کچەم خۆشدەوێت...

دایکیشم داوای کرد بیبینێت منیش نیشانم داو دیار بوو بە دڵی بوو وتی کاتی هات دەچینە پێش ان شاءالله زۆر دڵی خۆشکردم بەو قسەیە دەمەویست ساکۆش ئەو هەواڵە بزانێت ساکۆش هاتە خەت قسەم لەگەڵی کردوو باسی ژوانەکەمان دەکرد و هەواڵەکەشم پێی دا ئەویش دڵ خۆش بوو بەم شێوەیە کاتەکانمان بڕی هەتا خۆشەویستیەکەمان گەیشتە 6مانگ بێ کێشەو بێ هیچ دابڕانێک ڕۆژێک ساکۆ هاتە خەت وتی سێداد وابزانم دایکم گومان دەکات

ملوانکەکەمی بینیوە دەڵێ ئەمەیان پێداوی نەت کڕیوە خوشکیشم بە پەیوەندیمان دەزانێ دەمێکە دەمەوێت پێت بلێم بەڵام بیرم چوو ڕێک نەکەوت جار جارەش هەڕەشە دەکات کە وازت لێبێنم دەنا بە دایکم دەڵێت؟؟ کەچی خۆشی بە خۆشەویستی شوی کردوە هەتا دایان بەو کابرایە هەزار جار دایکم دایکو باوکی ئەوانی لە ماڵمان دەرکرد نەک هەر دەرکردن بەڵکو جنێویشی پێدەدان منیش وتم دەمەوێت خۆم قسە لەگەڵ خوشکت بکەم وتی کەمێکی تر دەچمە لای پێی دەڵێم وتم چاوەڕێتم کەمێکی پێ چوو ساکۆ تێلی کرد و وتی خوشکم نایەوێت قسەبکات وتم مۆبایلەکە ببە لای ئەو و دەنگەکەش بکە دەرەکی

وتی باش .پێم وت

سەلام خاتوون دەتناسم تۆش دەزانم دەمناسی ؟ دەمەوێت کەمێک قسە بکەین بۆ ئەوەی لە هەموو شتێک بگەین؟؟

فەرموو کاکە چیت دەوێت؟؟_

من یان تۆ؟؟+

بۆچی خوشکمت خۆشدەوێت؟_

ئەی تۆ بۆ کوڕی خەڵکیت خۆشدەوێت؟؟+

ئەو هاتە داوام_

هەه جاچیە منیش دێمە داوای ساکۆ ئەوە کێشەکەتە؟؟+

نامەوێت قسە لەگەڵ خوشکم بکەیت_

+باشه قسەی لەگەڵ ناکەم کاتێ خەوتم هەڵنەستامەوە بەیەک جاری...!

دیار بوو زۆر قسە ڕەقبوو منیش لەو خراپتر چۆن لێک حاڵی دەبین ئەخر.. زۆر قسەی بە ساکۆ وتبوو دوایش داوای ملوانکەکەی لیکردبوو پێی بدات زۆر لای جوان بوو نەی دەزانی من پێم داوە دەنا دەی پساندو فڕێی دەدا ساکۆش شەوانە دەگریا بۆ ملوانکەکەی دەیوت کۆترەکەم کوا؟؟! لەکوێیە خەجاڵتەم عیشقم نەمتوانی ئەو شتەی گەورەترین پیاو پێی داوم بیپارێزم وتم گوێی پێمەدە دانەیکر ترت بۆ دەکڕمەوە دەیوت من هەر ئەوەی خۆم دەوێتەوە

چەند ڕۆژێکی پێ چوو خوشکە گەورەکەی بە ناگیانی خێری ملوانەکەی پێیدابوو ساکۆش زۆر دڵی خۆش بوو بەنامە ئەو هەواڵەی پێمدا .دوای وتی سێداد شتێک دەڵێم گیان توڕە مەبە وتم بیلێ گیانم.، وتی چەند ڕۆژێک دەڕۆینە ماڵی نەنکم نزیک 7 ڕۆژ نەخەتم دەبێت نە کاتی تێل لەبەر خاڵم و کوڕە خاڵم و دایکم زۆر بەم هەواڵە دڵتەنگ بووم دابڕانم نەبینی بوو نەشم دەزانی ئازارەکەی چۆنە تەنها دەمزانی هێشتا نەڕۆشتە من بۆنی مەرگی خۆم دەکەم ئیتر ساکۆ تا 5 بەیانی لەلام بوو هەر خەریکی نامە گۆڕینەوە بووین هەتا وتی با بخەوین وتم باشە کەسم وتیشی بیرت نەچێت تا دێمەوە بێتاقەت مەبە لە کورترین مەجاڵ تێلت بۆ دەکەم وتم باشە ئیشقم،،ڕۆژی یەکەم بێ ساکۆ ڕۆشت تا 5 بەیانی لەخەت بووم وام دەزانی هەرنا بۆ نوێژی بەیانی هەڵدەستێت و لێم دەپرسێ چوونکە چەند جارێک وای کردبوو بەڵام ساکۆ هەر نەهات بوو ڕۆژی دووەم هەر نەهات منیش هەر چاوەڕێ تا 5 بەیانی بۆ ڕۆژی سێ و چوار و پێنج هەر نەهات تا لە شەوی شەشەم نامەکەیم بۆی نوسی ئەو نامەیەی مەولانا ڕۆمی بۆ شەمسی تەبرێزی نوسیو شەمس بڕیاری گەڕانەوەی داو نوسیم..

(بگەڕێوە)

بگەڕێوە گیانم، چەندی تر لەو غەریبستانە دەمێنیتەوە ؟

لەو غوربەتە بگەڕێوە تۆ چەند پەرێشانی

بگەڕێوە

سەد نامەم بۆ ناردی

سەد ڕێگام نیشاندایت

یان نامە ناخوێنیتەوە

یان ڕێگا پێ نازانیت

گەر نامە ناخوێنیتەوە،ئەوە نامەکا تۆ دەخوێنێتەوە

!..گەر ڕیگا پێنازانی ، پێش پەنجەرە کە دەزانی

بگەڕێوە

لەناو ئەو خەڵکانە، کەس قەدری تۆ نازانێت

.لای ئەو دڵبەردانە دامەنیشە تۆ گەوهەری ئەم کانەیت

ئەو نامەیم ناردوو بێ هیوابووم لەوەی کە ساکۆ نایت نزیک بانگی بەیانی بوو ڕۆژی شەشەم لەپڕێکە نامەیکم بۆ هات و وتی

سەلام گیانم نالێم باشیت دەزانم باشنیت بەڵام لێرەش باش،ناگوزەرێت _ باوڕکە ..دایکم بە هەموو شتێکی زانیوە بە زۆر ڕامگرتوە بەبرام نەڵێت .چی قسەی ناخۆشی دونیا هەیە پێمی وتوە !!..ئیتر بۆیە دەڵێم زۆرینەی کچان دیلی دەستی خێزانەکانیان کاتێ دەزانن کچەکەیان کوڕێکی پیاوی لە بنەماڵێیکی پیاوانەش خۆشەوێت بەهەموو لایک دەیانەوێت لێکیان بکەن تەنها لەبەر ..هەندێک هۆکاری خۆیانو لەسەر مەزهەبێکی کۆن و کۆنە پەرستی دەڕۆن

منیش وتم

سەڵام کەسم دڵخۆشبووم بە گەڕانەوەت بەڵام هیچ بەو قسەیەت دڵ + خۆشنەبووم دایکت چی دەوێت بۆ وا دەکات؟؟

نازانم سێداد بەڵام دایکم کەسێکی زۆر تووڕەیە ئاگاداربە بەیانیش دەچینەوە ماڵێ لە کاتێکی کەم تێلت بۆ دەکەم ئێستا بە فێڵی نوێژ هەستاوم دایکم بزانێ مۆبایلم لە دەستە لێم دەستێنێتەوە ڕێگە دەدەیت بڕۆم؟؟

!..هیچ حەزناکەم بڕۆیت بەڵام کە دەشبینم ناچاری ڕێگایەکی ترم نیە خۆ+

.. منیش حەزناکەم کەسم بەڵام ناکرێ_

!!باشە دڵی من ئاگاداری خۆتبە بەخودات دەسپێرم+

!!...تۆش گیانی من_

بەیانی هاتوو هەر چاوەڕێی ساکۆ بووم دڵم دەیزانی شتێک هەیە تا کات گەیشتە 10ی شەو تێلی کرد و هەڵم گرت قسەمان کرد وتی دایکم جاریَ وەستاوە بەشکەم هەر قسەنەکات و منیش باسی ئازاری ئەو شەشە ڕۆژەی بیَ ئەویم دەکرد ئەویش زۆر بێتاقەت دیاربوو لە پڕێکا برا گەورەکەی هاتە ژوریَ وتی ئەوە قسە لەگەڵ کیَ دەکەی...؟؟؟؟

مۆبایلەکەی داخرا دووبارە دڵتەنگی دووبارە دابڕان دووبارە چاوەڕوانی و ئازار ∞2 ڕۆژ ساکۆ بێدەنگ بوو ڕۆژی سێیەم تەلەفونی کرد و منیش لەسەر کاربووم هەڵم گرت وتی

سێداد چۆنی سۆکارم ئەگەر بەیانی دێیە داوام وەرە داوام ئەگەرنا من_ نابینیتەوە...؟

سەرسام بووم بەو جۆرە قسانەی قسەی وا ڕەقی نەکردبوو بە درێژای شەش مانگ زانیم دایک و خوشکە گەورەکەی لایەتی وتم

دڵی من جاریَ ماڵەوەمان بەتەواوی نازانم جگە لە دایکم باوکم هەر نازانیَ+ برایکی لە خۆم گەورەترم هەیەو ئەویش ژنی نەهێناوە چۆن بێم چۆن پیَ ڕادەگەم تا بەیانی؟؟

بیستم دایکی بە کچە گەورەکەی دەوت نەموت پێی ڕادەبوێرێت؟؟

وتی کێشەی خۆتە ماڵیمان هەموویان زانیویانە خاڵیشم زانیویەتی تا بەیانی_ !!..مۆڵتە و دایخست بەسەرما

ناخۆشترین مەوقیف تێی کەوتم ئەو قسە لەناکاوانەی ساکۆ بوون ،بەپەلە کارەکەم جیَ هێشت بەرێکەوتم بۆ ماڵ

کە چوومەوە باوکم لە ماڵ نەبوو دایکم و کاکەم بوون ، ئەسڵی مەسەلەکەم جوان تێگەیاندن و ئەوانیش حەرزی باوکم بکەن کێشەکە لێرەدابوو باوکم ئەسڵەن لەگەڵ ژن هێنانم نەبوو جگە لە ژن هێنان بزانێت کچەکەم لە فەیسبووک ناسیوە هەر ناچێتە داوای ..خودایە شکور بەبەشت ڕێگاو کارم ،..ئاسان کا یا ایلاهی

باوکم هاتەوە دایکم وتی من قسەی لەگەڵ دەکەم ڕازی دەکەم، دایکم قسەی لەگەڵکرد باوکم ڕازی نەبوو لە ساڵەکە ڕۆشت بۆ ژووری میوان کاکە محمدی برام وتی من دەچم بەشکەم بەقسەی من بکات براشم چوو قسەی ئەویش بێ سود بوو خودایە خۆت وەرە "هانام "،کامەران و فەیسەڵی مێردی پوورەکانم هاتنە ناو باسەکە قسەی ئەوانیش بێ سود بوو تەواو بێ هیوا بووم ساکۆش تێلی دەکرد جار جارە بەدزی دەیوت چیت کرد ڕازیت کردن گەر ڕازی بوون ئەوە ژمارەی خاڵە گەورەکەمە،ئەو ئاگادارکەنەوە وتم باشە گیان لە کۆتایە خۆم قسەم لەگەڵ باوکم کرد پێم وت کە چەنێکم خۆش دەوێت باوکم گوێی نەگرت بووە شەڕی من و باوکم بە قسە دڵیشم هێشاند ببوورە باوە بەهەر حاڵ حەمەی برام وتی مەگەر خۆم پیاو نیم خۆم تێلی بۆ دەکەم دەستی منی گرتوو چووینە ناو سەیارەکە تێلی بۆ خاڵی کرد و خاڵی هەڵی گرتو چاکو چۆنیان کرد بە خاڵی وت من برا گەورەی سێدادم براکەم خوشکە زاکەتی خۆشەوێت خوشکە زاکەشت برامی خۆشدەوێت ئەگەر پێتان خۆشە بێیانی دێینە ماڵتانو مەرەخسی جەنابتان دەبین؟؟ خاڵیشی وتی ئەی باوکتان بۆ قسەی نەکرد وتمان لە ماڵەوە نیە خۆی، خۆی بەیانی قسەتان لەگەڵ دەکات وتی قسە لەگەڵ سێداد دەکەم براکەشم وتی فەرموو ئیتر وتی چۆن سۆکارت ناسیو بۆ خۆشت دەوێت چکارەی؟ خەڵکی کوێیت؟ هەموو ئەمانەم وڵام دانەوە لە پڕێکا خاڵی هەڕەشەی کرد منیش بە هەڕەشە وتم ئەگەر پێم نەدەن خۆ دەکوژم خاڵی وتی ئەوە هەر پێم نەدایت وتم باشە بزانین قسەی کاممان دەبێ.، لە ڕاستیە خاڵی ساکۆ "دادوەر "بوو کەسێکی زیرەک و قسە لەڕوو بوو محمدی براشم مۆبایلەکەی لێسەندم وتی ببورە براکەم کەمێ توڕەیە )حەسەبیە (ئیتر خاڵی شلی کردو وتی بەیانی وەرن بەڵام وتی هەر خۆتو براکەت وەرن

یم وابێت خاڵی کەوتی هەر خۆت و برات وەرن بەدوای شتێکەوە بوو قسەمان لەگەڵ باوکمان کرد بەیانی دەچینە ماڵی خاڵە گەورەکەمان ئەوانیش بەرین لەگەڵ خۆمان باوکیشم کارەکەی نا بەدڵ بوو ئیتر لە کۆتایە ڕازی بوو الحمدالله، شەو هەر چاوڕێی ساکۆم دەکرد تێل بکات چوونکە مۆبایلەکەیان لێ سەندبوو بە مۆبایلێکی حادی بەس دەیتوانی تێل بکات نزیک نوێژی بەیانی بوو هستابوو نوێژ بکات تێلی کرد زۆر دڵی خۆش کردم کاتێ تێلی کرد منیش هەواڵەکەم پێیدا و لە خۆشیان گریا باوڕی نەکرد کە بەیانی دێینە داوای وە لێشیان دابوو زۆر بەخراپی باسی نەدەکرد ئیتر من ئەوشەوە لەخۆشیان خەو نەچووە چاوما بەیانی هاتو ئێمەش بەڕێ کەوتین بۆ ماڵی خاڵمان لەوێ هەمووومان بووین ڕاستی مەسەلەکە نە خاڵم نە باوکم هێشتان نەهاتبوونە ناو باسەکەو قسە لەگەڵ بنەماڵەی ساکۆ بکەن هەر لەسەر قسەی من و کاکەم هاتن ئیتر نانی نیوەڕۆمان خوارد و بەڕێکەوتین من و خاڵو خاڵۆ ژن و دایک و باوکم بووین لە ڕێگا باوکم وتی با زەنگێک بۆ ئەوماڵە لێ بدەم ئاگاداربن کە ئێمە دێین منیش لە خۆشی ئەو مەسەلە دەمم لەبەر پێکەنین داناخرا باوکم تێلی بۆ خاڵی ساکۆ کرد و حەرزی کرد کە باوکی منە و وا لە ڕێگاین دێین بۆ ماڵتان بۆ کاری خێر خاڵی ساکۆش وتی کاک اسحد ئێمە بە ئێوەمان نەگوتوە کە بێن تەنها دوو کوڕەکەتانم دەوێت باوکیشم وتی کەوایا نە من و نە کوڕەکانیشت ناین تێلەکەیان داخست!!!....هات خەم هات گریان هات دووبارە یەخەی من بەرنادات چارە ڕەشی و بەد بەختی زۆر گریام بەڵام گریان لەم وڵاتە بۆ کەسە بێ هەستەکانی سودی چیە زۆر پاڕامەوە لە باوک و خاڵم تا بچنەپێش هیچ سودی نەبوو هەژمارم کردبوو نزیکەی 7 سەحات بەس گریابووم چاوم هیچی نابینی زۆر بێناز بووم گەورەترین دیاری وا خەریکە لە دەستی دەدەم لەسەر مەزهەب و عەقلیەتی دوو بنەماڵە ئەم باسە بێدەنگ کرا

تا 3 ڕۆژێک دایکم شایده که کوڕەکەی نه خەوی مابوو نه خۆراک پیشەم هەر گریان بوو بۆت ساکۆ.،، هەر دەرگریام وه نەمدەزانی ئەویش حاڵی چۆنه سەرباری خەمی خۆم خەمی بێ هەواڵی ئەویش له لایکی تر ڕۆژی 4م هات ئۆقره و سەبرو ئارامی نەما گەنجێکی بڕواداری خواناس هەبوو لایخۆمان تەمەنی زۆر بچوک بوو خەڵک ڕێزی ڕیش سپیێکیان لێدەگرت چوومه لای مزگەوت لەوێ بوو ناوی "عبدالصمد "بوو سلامی خودام لێکرد ئەویش وتی بەڕوتا دیاره که دڵتەنگی منیش وتم زۆر ڕاستەکەی براکەم ژیانه ئیتر دەبێ لەگەڵی بڕۆین وه براکەم بۆ چەند پرسیایک هاتووم گەر یارمەتیم بدەیت سوپاست دەکەم

.وتی قسەکانت بکه هەرچی بەمن بکرێت درێغی لێناکەم پشتیوان بەخوا

.وتم ئەوەی ڕاستی بێت براکەم

من کچێکم خۆشدەوێت نیازیشم ئەوەیه بچمه داوای بەڵام بەهۆی هەڵه ،تێگەیشتنی دوو بنەماڵه کارەکەم ڕێک ناکەوێت تۆش وەک کارێکی مرۆڤانەو کارێکی ئاینی بێیت، بتوانی قسه لەگەڵ باوکم بکەیت زۆر باشه بێت، چونکه باوکم زۆر ڕێزی تۆی لایا ڕەنگه بەقسەی تۆ بکات و بتوانێ تێل بۆ خاڵی ئەو کچه بکات و هەموو هەڵه تێگەیشتنەکان پشت ڕاست ببنەوه وه ئەگەر نیازیان ئەوه بوو کچەکەیان نادەن بەڵێن بێت دەست هەڵەگرم بەڵام نه باوکم دێته ناو کارەکه نه ئەوانیش قسەیکی دروستمان پێ دەدەنەوه..؟ ئەویش وتی بەسەر چاو ئەمشەو دوای نوێژی عیشاو دێمه خزمەت باوکت زۆر سوپاسیم کرد و زۆر نەسیحەتی کردم خوای گەوره دەست به تەمەنی بگرێت ئیتر شەو هاتو منیش چوومه مزگەوت و نوێژم کرد و دەستی شەرمەزاریم بۆ ..پەروەردگار بەرزکردەوه تا بۆم ئاسان بکات نەجاتم بێت لەو ئازارو خەمه دوای عبدالصمد یشم بینی و داوام لێکرد گەر کاتی هەبێت بێته ماڵمان باوکیشم له ماڵه ئەویش وتی باشه برام با بڕۆین ئیتر هاتوو سەلامی کردو باوکم زۆر ڕێزی تایبەتی لێنا چایمان خوارد و سەبر سەبره کەوتینه ناو باسەکه عبدالصمد داوای له باوکم کرد که تێل بۆ خاڵی ساکۆ بکات

بەحوکمی ئەوەی من،چومەتە لایو داوم لێکردوە بێت قسە لەگەڵ باوکم بکە
باوکیشم کەمێک پێداگری کرد هەر دەیوت کابرا بەنیازە شتێک لە کوڕەکانم
!..بکات خۆم قسەم لەگەڵی کرد وتی بەس دوو کوڕەکەتانم دەوێت بۆیە ناچم
عبدالصمدیش وتی لەسەر قسەی من تێلی بۆ بکەرەوە جاری پێشوو بیستومە تۆ
نەچوویتە ناو کارەکە ئەو جارەیان خۆت بەو کارە هەستە و قسەیان لەگەڵ بکە
بەحاڵ باوکمی ڕازی کرد تێلی بۆ بکات ..لە کۆتایەکەیا نەمردم بینیم باوکم
تێلی بۆ خالی ساکۆ کردو

خاڵی ساکۆش هەڵی گرتو دوای چاکو چۆنی و ئەحواڵ پرسین، باوکم پێی وت
من باوکی سێدادم چەند ڕۆژێک پێش ئێستا باش لێک حالی نەبووین بەڵام ئەو
جارە خۆم ویستم قسەتان لەگەڵ بکەم ئەگەر پێتان خۆشبێت دوو بەیانی دێینە
خزمەتان و ئەگەر میواندارییمان قبوڵکەن.؟ خاڵی ساکۆش زۆر بە گەرمی
وڵای دایەوە وتی کاک اسحد ماڵ ماڵی خۆتانە کەی هاتن پێڵاوتان سەر چاوم
ئیتر کۆتایان بە قسەکانیان هێناو گەشتینە ئەنجام هەردوو لامان ...دەبێ لەوە
خۆشتر هەبێت بچینە داوای ئیشقت ماڵی ئەوانیش ڕازی بن و بزانیت بۆ یەک
دەبن لەخۆتەوە خەیاڵی جوان جوان دەکەیت وەک مارە کردن و گواستنەوەو
هۆڵی ئاهەنگ !..بەڕاستی زۆر دڵم خۆشبوو زۆر زۆر دڵ خۆش، نەمدەتوانی
دڵخۆشیم دەربڕم چوومە دەرەوە هەناسەیکی پاک وەربگرم دەم وت لەخۆشی
ئەو هەوڵە دەخنکێم ئێش و ئازاری چەند ڕۆژی ڕابردووم بە چرکە ساتێک
لەبیر کرد ...هەهە بۆت بمرم دڵ چەند سادەی لە کاتی دڵ خۆشی دەڵێ لە
ڕابردوو قەت ئازارت جەچەشتوە، ئیتر دەمویست ساکۆش ئەو هەواڵە بزانێت
بەڵام ساکۆ مۆبایلی نەبووم نەمدەزانی چۆن پێی بڵێم هەتا بەیانی چاوەڕێی
بووم تێلی کرد زیاتر دڵ خوشی کردم وتم کەسم دوو بەیانی، دێینە داوات ئەو
زۆر دڵخۆش نەبوو نەمدەزانی چی ڕوویداوە بەڵام کە قسەشم لەگەڵی کرد دلم
ئاسودە بوو تێلمان داخست

بۆ بەیانی دایکم وتی بڕۆ خۆت چاکەوە سەرو پرچت ببڕە جلێکی نوێ لەبەرکە بەو حاڵە دەلێی تاحزیەت هەیە وتم بەچاون چوومەوە لای نزار سەرو پرچی چاک کردم جلێکی شازیشیم پۆشی بۆ شەو ساکۆ هیچ دەنگی نەبوو بەیانی بارانێکی زۆر بەهێز دەستی پێکرد دڵم دەیوت،ئەو کارە نابێت خۆت ماندوو مەکە هەتا چووینە مالی خاڵم و نانی نیوەڕۆمان خوارد من لەخۆشی ئەو هەواڵە نانم بۆ نەدەخورا.، وتیان با،هەلسین و بڕۆین من و دایکم و محمد برام بەسیارەی خۆمان بووین.، باوکم و خاڵو خاڵۆژنیشم بەسیارەی خاڵم بوون.، ئیتر براشم شۆفێری زۆر باش نەبوو بارانێکی زۆر بە گوڕ دەباری بەژیانم بارانی وا بەهێزم نەبینی بوو دەترسام لە ڕێگا توشی ڕوودوایێک ببین لەبەر کەم ئەزمونی برام لە شۆفێری..!!

هەر لە ڕێگا بووین بەرەو ماڵی ساکۆ باران نەوەستاو نەمان دەتوانی 5 متر پێش خۆمان ببینین فلچەی سەیارەکە بە بارانەکە ڕاناگەشت سەرەڕای بارانێکی بەهێز ڕێگاشمان خەڵەت کرد منیش هەر دەموت ئەو کارە نابێت دواتر ڕۆشتین و چووینە هەمان شاری ساکۆ لێی دەژیا دواتر لە بەنزینخانەیەک وەستاین باوکم وتی، بەنزین لە سەیارەکەیا بکەن دەستی برد بۆ گیرفانی یەک فلسی نەهێنابوو هەموو پارەکەی لە ماڵەوە جێهێشت بوو وتی سوێند بەخوا جاری یەکەمە شتی وام بەسەر بێت منیش لە دڵی خۆما دەموت هەر زیاتر توشی بەڵا دەبین ئەو کارە خێری تێدابێت خودایە دواتر دایکم پارەکەی داو براکەشم لای کابرای بەنزین فرۆشەکە وەستابوو پارەی پێدەدا بیری چوو بوو دەرگای سەیارەکە دابخات لەو کاتەیە گەلابەیەک هاتوو و زۆر بەخێرای هەنێ ئاو لەسەر شەقامەکە بوو خۆی لە ئاوەکەدا و منیش و براکەشمی زۆر پیس کردین وتم ئەو کارە هەر نابێت بەڵا لە دوای بەڵا بەسەرمان دێت براکەم هاواری کرد جوێنێ بە کابرای گەڵابە دا ئیتر لەوێش ڕۆشتین لە دوکانێکی شیرینی وەستاین شیرینی،بۆ ماڵی ساکۆ بکڕین ماڵی ساکۆشمان بۆ نەدەدۆزرایەوە

داوامان لەخاڵی کرد بێتە فلان شوێن و بمان باتە ماڵی ساکۆ خاڵیشی هاتو ناو سەیارەکە دانەبەزی وتی،بابڕۆین بەدوای خاڵی ساکۆ کەوتین تا گەشتینە ماڵیان ئاهێکی قوڵم هەڵکێشا وتم لە کۆتایە لەسەر خێر گەیشتین، خاڵی دابەزی تەوقەی لەگەڵ هەمووومان کرد وتی فەرموو فەرموو بابچینە ژوورەوە با تەڕ نەبن

ئیتر چووینە ژووورەوە خاڵێکی بچوکی ساکۆ برای و باوکی لەبەر دەرگاکە بەخێرهاتنمانیان کرد و باوکیشم لەوە دەترسا ببێتە شەڕ چووینە ژووری میوان زۆر،زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکردین خێزانێکی زۆر بەڕێز دیار بوون ئیتر چایان هێناو میوەیان هێناو قسەیان ڕاکێشا چۆن هاتنی و ڕێگامان چۆن لێ ونببوو دوای خاڵم مەسەلەکەی کردەوە وتی ئێمە هاتوونەتە داوای کچتان و دەمانەوێت خزمایەتیمان لە بەینا دروست بێت خاڵە گەورەکەی ساکۆش لەبەرامبەرم دانیشتبوو محمدی براشم لەسەروی خۆی، سەیرێکی برامی کرد و وتی تۆ سێدادی براشم وتی نا نەخێر وتی ئەوە بەرامبەرت سێدادە..؟ زەردەخەنیک کردوو وتی ئەوە تۆی ئەو هەموو کێشەیت دروست کردوە منیش زەردەخەنم کردو سەرم داخست باوکم وتی ئەوە کوڕەکەمە هیچ حەیبێکی نیە و نوێژ دەکات کاردەکات ئێوەش چی بلێن ئێمە قبوڵمانە خاڵیشی ڕووی لەمن کرد وتی خۆم هەنێ شت لە سێداد دەپرسم ئەگەر ئەوانەی قبوڵ بوون بە کراسی بەری بۆخۆی بێت منیش وتم فەرموو وتی کچەکەمانت لە فەیس بووک ناسیوە؟ وتم بەڵی

وتی بۆچی خۆشت دەوێت؟ چۆن دەزانی کچێکی باشە؟ پێم وت بۆیە خۆشم !.. دەوێت چونکە ئەویش منی خۆشدەوێت وە سەرسامی احلاقو ڕەوشتی ئەوم لەو ساتەی لەگەڵمنایە نەم ھەھێشتوە ھیچی ھەڵە بکات ئێوەش باشتر شارەزی کچەکەتانن کە چۆنە !..ئاگام لێبوو دایکی خەریک بوو بمرێ کە ئەو قسانەم

خاڵی وتی کچەمان نەخۆشیەکەی چیە؟ وتم تەلسیمیایەتی چوونکە پێشر ساکۆ پێی وتبووم کە نەخۆشە خاڵی ھیچ قسەی پێنەما وتی ئەی دەزانی ئەو کچە ئەگەر شوبکات منالەکانی سەقەتە )ئیفلیج (دەبن؟؟ لە دڵی خۆما وتم خوایا خۆت شاید بە، ئەوە لەبڕی تۆ بڕیار دەدات خۆت ئاگاداری ئەو پیاوە گەورەیە بە کە بوختان دەکات

من وتم ئەوە لە دەست خوایا من بەڵێنم بە سۆکار داوە بە خۆشی بە ناخۆشی لەگەڵی ژیان بکەم چۆن ئێستا باشەو خۆشم دەوێت پیاویشم کە نەخۆشیش کەوت لەگەڵی بژیم گرینیگی پێبدەم.، من ھەر سور کە بمەوێت خاڵی ھەر سور کە نەیدات ئیتر دایکی ھاتە قسە دیار بوو زۆر لێم دڵ پڕبوو دڵنیام شتێکی لەدەست با دەی کوشتم وتی تۆ کوڕێکی باشنی کێ ناڵێ لەگەڵ ھەزار کچی تر قسەناکەیت؟؟

وتم قسەشیان لەگەڵ بکەم من تەنها هاتومەتە داوای کچەکەت و جاری یەکەمیشە بچمە داوای ژن ئیتر باکیشم بە قسەی خەڵک نیە چۆن بڕیارم لەسەر دەدەن ڕێک دایکی خۆی ئاشکرا کرد زۆر بە چاو نەترسی وتی من کچەکەم نادەم و منالە و کار نازانێت خۆم خواردن دەخەمە دەمی نازانێ لە ئەرز دانیشێ کورسی و مێزمان بۆی کڕیوە..؟ بەڕاستی وای لە ساکۆ کرد منالی ساوا بێت ،دەمزانی هەموو ئەو قسانە هیچی ڕاست نین لەکاتێکە خۆم دەمزانی ساکۆ لە 5 بەیانی هەڵدەستێ کاری ماڵەوە دەکات تا 12 نیوەڕۆ لەوێش دەچێتە دەوام تا 6ی ئێوارە شەوانیش هەر کار دەکات دایکی ڕووی کردە دایکم وتی کچەکەمانت بەم شێویەیە دەوێت نازانێت قاپێکیش بشوات؟ دایکیشم زۆر بەمەردی وتی هیچ شتێکیش نەزانێت ماددەم کوڕەکەم دڵی دەیەوێت من ڕازیم...!

بێتە ماڵیشمان ناهێلم هیچ کارێک بکات خۆم 25 ساڵە شوم کردوە 5 کوڕم هەیە و خۆت دەزانی کوڕ ماڵ پیس دەکات کەمتەر خەمن وە هیچ کچێکم نەبووە کەچی،خۆم خزمەتی هەموویان دەکەم و ڕام گرتن باکم بە کار کردنی هیچ کچێک نیە دواتر دایکی زانی هەر ڕازین !..بە ساکۆی وتبوو قەت خۆیا نیشان نەدات، باوکیشی لێیدابوو خوا بتانگرێت لە ئافرەت بێدەسەلاتر هەیە؟؟ درۆیە درۆۆ ئافرەت،تەنها لەنێو شیعرو گۆرانیەکان جوان کراون !...بەهەر حاڵ دایکی ڕووی لە من کرد وتی کچەکەم لەسەر هەزار مسقاڵ مارە دەکەی؟؟ باوکم وتی هەزاری چی؟ !!!وتم باوکە بۆستە، بەڵێ مارەی دەکەم خوێندنەکەشی تەواو دەکەم..؟ کردیە هەراو هاوار و دەمەقاڵێ هەلسامو وتم هەلستن بابڕۆین من بۆشەڕ نەهاتوم هەرچیتان وت من قبوڵم کرد ئێوە شەرتان دەوێت ئێمەش ئەهلی شەڕ نین لەبەر باوکم هیچ دەسلاتم نەبوو

منیان هێور کردەوە زانیمان کچەکە نادەن، باوکم و دایکم وتیان دەچین کچەکەتان دەبیین دایکی نەی دەهێشت هەتا خاڵی وتی بهێلە بچن بیبینن، دایکو باوکم و خاڵۆژنم سۆکاریان بینی؟ بەڵام بەیەک شت سەرسام بووم هاتین و ڕۆشتین باوکی ساکۆ یەک قسەی لە مەسەلەکە نەکرد هەرگوێشم لەدەنگی نەبوو جگە لە سەرتا بەخێر هاتنی کردین .نازانم هۆکار چیبوو کەقسەی نەدەکر ئایە هیچی لەدەست نیە یاخود خۆی وا بێدەنگە بەهەرحاڵ مەوزوحەکە وادەردەکەت کە ئەو بنەماڵە لەناو خۆیان ڕێک کەوتبوون کە کچەکەیان نەدەن

کاتی ڕۆشتن بوو دیار بوو ساکۆ نزیک بوو لە دەرگای ژووری میوان لەوێ وتم::من ئەوەی لەسەرم بوو کردم توانیم کچێکم خۆشبوێت و زۆر بەمەردیش هاتمە پێش بەس بۆ ئەوەی ئەو قسانە پشت ڕاست بکەمەوە کە دەڵێن خۆشەویستی ڕاستەقینە لە فەیسبوک نیە و قسەکانی ئێوەش کە پێتان دەگوت ئەو کوڕە پێت ڕا دەبوێرێت من ڕام نەبوارد زۆریشم خۆشدەوێت .ئەوانیش لەوە دەترسان من کچەکەیان قفڵ بکەم بەردەوام دەیان وت تۆ کچەکەمانت قفڵ کردوە بهێلە شو بکات بۆخۆی وتم من ڕێگریم لێ نەکردوە دەتوانێ شوبکات هەر وەک وتم من پیاوەتی خۆم سەلماند کچەکەشتان پیرۆزی خۆتان بێت بەڵام بیرتان بێت ئەو کچەی بەدڵی خۆی شو ناکات ئاقیبەتی خێر نابێت.، باقی واسلام هەستاین و بڕۆین ساکۆم هیچ نەبینی خەریک بوو شێت بمم لە پێش دەرگای دەرەوە بووم لەگەڵ باوکی وەستابووم دایکم شیرینی و شتەکەی پێیان دەدا لەو کاتە ساکۆ هاتە دەرەوە چاوم پێی کەوت سەری بەرز کرد تا بمبینێت یەکمان لە دوور بینی بەچاو هاوارمان دەکرد کە گەشتوینەتە کۆتای ڕێگاکە باوکی لێمانی ڕوانی ساکۆ سەری داخست زۆر پڕڕ بووم پڕتر بووم لەو کاسەی لەسەری دەڕژێت بێ ماڵئاوای سواری سەیارەکە بووم

دەرگاکەم داخست چاوەڕێم کرد تا باوکوم و ئەوانیش بێن و بڕۆین لە کۆتایە
هاتن ودوو خاڵەکەشی هاتن لەگەڵمان تا دەرەوەی شار بەڕێیان کردین ...هەه
هات دووبارە سێ بارە گریانن خەم دووکەڵی جگەرە ڕێک لە شارەکەی ساکۆ
گریام تا ماڵی خاڵم لەپێش برام قەت جگەرەم نەخوادبوو تا گەشتینەوە ماڵێ
بەس دەم خوارد براشم حاڵمی دەزانی هیچی نەوت هەر دەیوت خراپە بەسە
چیتر مەیکێشە منیش سەیری مۆبایللەکەم دەکرد وێنەی لەسەر شاشەم بوو نم نم
بارانی چاوم دەکەوتە سەر مۆبم لە دڵم دەم وت ساکۆ ئای ساکۆ بۆ ئەوانەتان
بوونە ڕێگر چی دەبوو ئێمە دڵمان خۆشبێت وەک ئەوخەڵکە دایکم دەگریا
لەگەڵم، وتم تۆ بێدەنگبە دایکە گریان گریانی خۆمە ئەوەشم لێ مەدزن
بەڕاستێ شەوێکی ناخۆش بوو مادەم ئەو شەوە نەمردم قەت بە ئازار نامرم
بەهەر حاڵ گەشتینەوە ماڵی خاڵم زۆر زۆر خراپ تێک چووبووم چاوم سور
ببوو لەبەر گریان بیرمکەوتەوە هەولی خۆکوشتن بدەم..؟ بەڵام نەم دەزانی
چۆن.؟؟ بە باوکم وت سوچی سەیارەکەم بداتێ دەیزانی شتێک دەکەم زۆری
پێ چوو تا لێم سەند گۆرانیکی مورتەظا پاشایم لێداو ڕۆشتم بیرم لەوە
.دەکردەوە خۆم بکوژم بە ڕووداوی هاتو چوو شەوێکی زۆر تاریک بوو
بەسەیارەکە ڕۆشتم زۆر خێرا ڕۆشتم گەڵابەیکی گەورە هاتە بەردەمم چاوم
داخست بەڵام باشبوو شکور گەڵابە خۆی لادا و تێپڕبوو لە من، منیش زۆر
ترسام سەیارەکەم وەستاند و دەنگی گۆرانیەکەم بەرزتر کرد هاوارم دەکرد
ساکۆۆ ساکۆۆ عیشقم وەرە من لێرە زۆر تەنهام خەم خەریکە دەم خنکێنێت بێ
تۆی وا دەم کوژێت من لەهەموو شتێک بێ بەری بووم ئیتر، نازدارم بەسە
عاشقەکەت وا دەناڵێنت ئاگاداری؟ هیچ بیری دەکەی؟ هەتا  بەدەم گریانەوە
خەوتم ناو سەیارە و ئاگام لەخۆم نەما چاوم کردەوە دوو،کوڕ بانگیان کردم
برام تۆ باشی وتم باشم کاتەکەشی زۆر درەنگ بوو ماڵەوە زۆر تێلیان کردبوو
ئاگام لێی نەبوو ئیتر بەڕێکەوتم بۆ ماڵی خاڵم

وتیان ئەوە لەکوێ بوویت ئێمەت زۆر ترساند وتم هیچ نەبووە کەمێک دڵم تەنگبووم باوکم چاوی پێم کەوت گریا منیش لەگەڵی گریامماڵی خاڵمم بێزار کردبوو لەبەر گریان دایکم وتی بابچینەوە بەسە سواری سەیارەکە بووین تا .ماڵەوە مۆبایلەکەم لە ئامێز گرتبوو وێنەکەشی لەسەر بوو دەگریام بۆی گەشتینەوە ماڵەوە یەکسەر چوومە دەرەوە پیاسە بکەم و کەمێک خۆم لەبیر بکەم فەرۆم بینی وتی برام ئەوە بۆ وایت حاڵت بۆ خراپە؟

یەکسەر لە باوەشم گرت هاوارم دەکرد فەرۆ پێیان نەدام فەرۆ من ماڵێک دەناسم هەمووی بێ دڵن نازان دڵ چیە ئەویش گریا لەگەڵم ئەیوت بەسە براکەم چیت دەوێت بۆت بکەم بەس پێم بڵێ چیت دەوێت؟ دەموت بەس ئەوم دەوێت دەیوت ئەو نیە تازە تەواو لەبیری بکە زیاتر پەرێشان دەبووم کە ئەو قسانەی دەکرد ئیتر بەهەر شێوەیک گەشتمەوە ماڵەوە ساکۆش مۆبایلی نەمابوو جار جارە بە نۆکیای حادی تێلی دەکرد دوای ئەویش نەما پیشەی من بووە چی؟؟ بەو جلەی چووبوومە داوای بەو دەسوڕامەوە جلێکی ڕەش بوو هیچ دامنەنا وتم هەتا نێتەوە نەخۆم دەگۆڕم نەنان دەخۆم نە خۆم دەشۆم، سمێلم دەگشتەوە دەمم سەرو ڕیش تێکەڵ بببوو هەموو ڕۆژێک دەچوومە سەر گۆڕستان لەگەل گۆڕەکان قسەم دەکرد دەموت خۆ ئێوە لە زیندوەکان باشترن ئێوە قسەش نەکەن قسەم پێنابڕن هاوارم بەسەر ناکەن دڵم ناشکێنن گۆڕستانیش لەبەرامبەر ماڵمان بوو دایکم دەیبینم هەموو ڕۆژێک دەچمە ئەوێ هەر دەگریا دەیگوت ڕەبی کوڕم ئەوەی وای بەسەر هێنای ماڵی کاوڵ بێت دەموت دوعا مەکە دایە ساکۆش لەو ماڵەیە ئێستا سەرمایەتی نان ناخوا نەخۆشە وەکو شێتم لێ هاتبوو نەم دەزانی چی دەڵێم نان خواردنم نەمابوو خواردنم تایگەر و کێکی ڕەق بوو ئیتر یەک مانگی ڕێک بەو حاڵە تێمپەڕاند زانکۆش وەستابوو

بەبۆنەی شتێکەوە ئەگەر چوبایەوە زانکۆ، لە ڕێگای ئەسمای هاوڕێی هەواڵێکم دەزانی ئەو کچەشم بێزار کردبوو ئەوەندەی بلێم زانکۆ دەستی پێنەکردەوە گەر دەستی پێکردەوە پێم بلێ ، وە بەساکۆش بلێ سێداد مرد لە دووری وەک گوڵێک سیس بوومە بۆی، تینوی ئاوی چاوەڕوانی ئەوم دەیوت باشە پێی دەڵێم مانگێک ڕۆیشت بەم حاڵە

ئیتر زانکۆ دەستی پێکردەوە ئاگاداریش بووم ئەسمای هاوڕێی درۆم لەگەڵ دەکات ساکۆ لە زانکۆ بوو ئەسماش دەیوت نەهاتوە  ماڵی ساکۆ پێیان وتبوو قسە لەگەڵ سێداد بکەی ناهێلین بچیتەوە زانکۆ ئەسماش ناچار بوو درۆ بکات منیش سوێندم دابوو کە هاتە دەوام پێم بلێ ساکۆش باش حاڵمی دەزانی بەڵام کەوتبووە نێوان دارو بەرد قسەم لەگەڵ ئەسما کرد وتی نەهاتوە وتم لەلاتە درۆ مەکە بووە شەڕمان بەهەر حاڵ بۆ ڕۆژی دووەم بەساکۆی وتبوو بەسە ئەوکوڕە وەکو شێتی لێهاتوە بۆت هەتا ئەسما تێلی کرد منیش لەسەر کاربووم هەڵم گرت وتم الوو

وتی الوو دەمێک بوو گوێم لەو دەنگە نەببوو لە شوێنی خۆم هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا وتم خانم ئەوەخۆتی؟ وتی خۆمم پێم وت مەگەر حاڵم نابینی نازانی بۆتۆ چۆنم چیم بەسەر  هاتوە ؟؟وتی سێداد پێویستە وازبێنی وتم وازهێنانی چی تەواوی؟ بۆ وا سپڵە دەرچووی مەگەر تۆ دەربەدەری و ئاوارەیمنت نەبینیوە لەبەر تۆ هاتم و داوام کردی کەچی تۆ لە پشتی من،کارت کرد و بە باوکمت وتبوو ئەو کوڕە هەرناناسم هااا تۆ مرۆڤی خاتوون؟؟ "کچکان   "هەر چەند پڕ ئازار بن هەرچەندە بە کێشە بن هیچ ناڵێن وبێدەنگ دەبن،ئەوەش تاکە کێشەی من بوو کاتێک ڕوونکردنەوەی نادا، زۆر  بەساردی قسەی دەکرد وەک بلێی من بەلێنم نەبردۆتە سەر هەر سووربوو لەسەر وازهێنانم ..دڵی عاشقیشم ئەوە نازانێت واز هێنان چیە ؟

وتم بمری باشترە لەوەی ساردبوویتەوە تف لەخۆت،بکە لەڕووت بکە مەرد نەبوویت بێیتە مەجلیس بلێ ئەو کوڕەم خۆشدەوێت؟ ئیتر دەمەقالێکی زۆر بێ سود ڕۆیشت هاوار کردنی من مانای بیر کردنی ئەو بوو، بێدەنگی ئەویش هەڵبژاردە بوو، بەهەر حاڵ حەفتەیکی ویست تا ساکۆم ڕازی کردەوە نەفرەت لەسادەی خۆم خەڵک هەلەم بەرامبەر دەکەن من،خۆم ئاشتیان دەکەمەوە خۆم بەدوایان دەگەڕێم ساکۆ ئاشتبوویەوە لەگەڵم باشبوو ماڵێشیان هیچ شکو گومانیا نەمابوو مۆبایلیان پێیدابووە

کات ڕۆشتو ساکۆش باشتر بوو لە پێشوو نەک باشتر بگرە عاشقترم بوو وای لێهات بێتەوە خەتیش بەڵام شەوان دەگریا دەیگوت دایکم کە زانی ملوانەکەکە هی تۆیە لێی بردووم نام داتەوە بە حاڵ لە خوشکم سەندەوە نۆرەی دایکمە

وە لەوکاتەی زانیویەتی،هاتویتە کۆیە و منت بینیوە پێی وتم ئەو کوڕە کوێی تۆی بینیوە وتی پێم وت بەس "پرچم"ی بینیوە وتی ڕێک مەقەسکەی هێناو پرچمی بڕی ڕێک شێت بووم دایکی چەند ئازاری ساکۆی دابایە من زیاتر ڕقم هەڵدەستا لەو ڕۆژەوەی کەوتی پرچمی بڕیوە گرێ لەسەر دڵم دروست بووە چونکە ساکۆ دەزانێ چەندە پرچی ئافرەتم لا خۆشەویستە سەرەڕای ئەمانەش دەیوت بەردەوام جوێنم بە تۆ پێدەدات بێزاری کردووم لە ئیهانەو هەڕەشو تەشهیر کردن بێزارم لەو ماڵە سێداد زۆر بێزارم کەی نەجاتم دەدەی؟؟ من ئەگەر مەبەستم بایە دەمتوانی ساکۆ بڕفێنم و بەدەستیشم دەهێنا بەڵام هەمیشە شتەکان بەخۆشی خۆشن دەسکاری ئەو کارانە مەکە کە خودای گەورە تاقیت،دەکاتەوە و دەبێت سەبریان بەسەر دا بگری

چوونکە ئاگاداربە تۆ لە تاقیکردنەوەی خودا دایت وە ئەوەشی پەروەرێن بۆتی داناوە دڵنیابە باشترە لەوەی کە خۆت بۆخۆت داناوە یاخود بەندێیکی تر بۆت دادنێت، ماوەیک قسەمان دەکرد بێ کێشە بووین خۆشەویستیمان گەشتە 8 مانگ ڕۆژێک وتی سێداد هەناسەم پێویستە بێیت و بم بینینەوە منیش زۆر دڵ خۆشبووم بەم هەواڵە وتم جا کەی بێم وتی چوارشەمی داهاتوو وەرە ئەمڕۆ دووشەمەیە؟ وتم باشە ئیشقم خوا پشتیوانم بێت چوارشەمە لای تۆم

وتی ئەخر بیرت نەچێت کە هاتی دوو کارم پێتە ئەگەر بۆمنیان نەکەی دەست بەجێ وازم لێدێنی زۆرم لەگەڵی هەوڵدا بزانم چین بەڵام ساکۆ نەی درکاند هەتا بووە ڕۆژی چوار شەم و ڕێک نەکەوت کەبچمو بیبینم ..ساکۆش تێلی کرد زۆر بە دڵ خۆشی وتی گیانم ئەوە لە کوێیت وتم لە ماڵەوەم ڕێک شێت بوو وتی یانی نەهاتی ؟ وتم ڕێک نەکەوت دڵم !..وتی سوێند بەخوا بەیانی نێیت من خۆم دێمە شەقڵاوە بەحاڵ ڕامگرت**

ئێتر پێنج شەم هاتو منو فەرۆش نێوانمان باش نەبوو بۆیە بڕیارم دا بەتەنها بچم بە نزاریشم وت من وا دێمە لات سەرم چاک دەکەم لەوێش دەچینە کۆیە ئەویش وتی وەرە برام...چوومە لای نزارو سەرم چاکردوو چوومەوە هەمان ئەو دوکانەی کە ملوانکەکەم بۆی کڕی بوو ئەو جارە دەست بەندێکی کریستاڵی زۆر جوانم بۆی کڕی

زۆر لەسەر جلی کوردی دەهات ئیتر بەرێکەوتین بۆ کۆیە زۆر شادومان بووم کە دووبارە یەکتری دەبینینەوە ئەوجارە زووتر چوومە کۆیە من ناو کۆیە بووم چاوەڕێی ساکۆم دەکرد ئەویش بێت ساکۆش پێی دەوتم لەسەر هەیبەت سوڵطانم وا دێم جا ئەوکاتیش نمە بارانێکی زۆر خۆش دەباری ساکۆش دەیزانی من ڕقم لە بارانە بەهەر حاڵ چوومە بەردەم زانکۆکەی وەستام لە سەیارەکە دابەزیم چاوڕێم دەکرد ئەویش بێت ئەویش وتی من سەرەتا دەچمە ژوورەوە کتێب و شتەکانم دادەنێم و دێمەوە وتم باشە گیان کەمێک چاوڕێم کرد مەسجی نارد و وتی وەرە من لەبەر دەرگام؟ منیش ڕاستەو خۆ چووم ئەو جارە پێکەوە یەکمان بینی بەلام 40 هەنگاوێک لێک دووربوین ڕێک وەستام ئەویش وەستا ئاگادار بووم قاچم بەدوام ناهاتن بەحاڵ گەشتمە لای کاتێکیش گەشتین پێک سلاوم لێیکرد ئەو ڕێک گریاو لە ئامێزی گرتم منیش دەستەکانم بەردانەوە تا تێر تێر گریا بە سەری پەنجەکانم فرمێسکەکانیم سڕیەوە وتم بەسە ئیشقم من لێرەم لای تۆ کەس ناتوانێ دڵخۆشیمان تێکبدات دەی بابڕۆینە لای سەیارەکە دەستم گرتوو هەندێک کچ و کوڕ لەوێ بوون سەیریان دەکردین گەشتینە سەیارەکە دەرگام بۆی کردەوە وتی ئەی فەرۆ؟ وتم هەر خۆم و نزارین کەسی تر نیە وتی باش من لە پێشەوە دانیشتم، بە نزارم وت بچێتەوە هەمان شوێنی ڕابردوو وتی باشە براکەم .ئیتر گەیشتینە شوێنی ڕابردوو نمە بارانیش هەر دەباری لەسەیارەکە دابەزین دەستم گرت و سەری خستە سەر ملم ماچێکم لە دەستی کرد و چووینە شوێنێک دانیشتین کە شوێنی دانیشتن بوو لەبەرامبەری دانیشتم لێکمان دەڕوانی هیچ قسەی نەکرد زانیم شتێک بووە کەمێک گاڵتەم پێی کرد تا پێبکەنێ ئیتر کەوتینەوە قسەو باسی ئەو یەک مانگەی کەبێ ئەوم بەڕێ کرد ئەویش باسی ئەو بابەتەی لە پشتی منەوە کاری کردبوو هەڕەشی کوشتنو نەچونە زانکۆیان لێکردبوو باوکی زۆر بەخراپی لە ژێر چاوی دابوو شوێنەکەی دیار نەبوو بەڵام خۆی باسی کرد..

دەمێکی پێچوو وتم کاری چیت بەمن بوو ئەزیزم؟ وتی مۆبایلەکەتم دەرێ مۆبایلەکەم پێیدا وتی فەیسبوکت دەسوتێنم وتم بۆ؟ وتی دەیستوێنم زۆر پێداگریم کرد کە نەیسوتێنێت بەڵام ئەو هەر دەیوت دەیسوتێنم وتم دڵم من سێ ساڵ دەبێ ئەو فەیسبوکەم هەیە تکایە وامەکە خۆشی و ناخۆشیو یادگاری زۆرم لەگەڵ ئەو فەیسبوکەیا هەیە وتی شتی وانیە سێداد چیم پێ وتی پێش بێیتە لام؟ تۆ ئەمە بچوکەکایەنە قبوڵی ناکەیت ئەماا ئەوەی گەورەتی بلێم هەر دەگرێیت !..وتم من پیاوم ناگریم بەڵام ئەمەش مەسوتێنە زۆر شتم کرد تا ئەو قسەیە لەبیر بکات وتم دەستت بێنە دەستی هێناو دەست بەندەکەم لەدەست کرد زۆر زۆر لای جوان بوو منی گرت تێر ماچی کردم منی بەرنەدا قەمسەلەکەی خستە سەر سەرمان لەژێر قەمسەڵە دەیوت ماچت لێ دەستێنم منیش نازم دەکرد دەموت دایکم وتویەتەی ماچ نەدەیتە کچی خەڵکی تورە دەبوو شەقی لێمدەدا هەستێ کی چەندە خۆشبوو خودایە ئیتر وتی هەناسە منیش دیاریم بۆت هێناوە وتم بەراست،؟ وتی ئەرێ !..جانتاکەی کردەو لەچکەیەکی کابۆی بۆم هێنابوو زۆر زۆر لام جوانبوو تا ئێستاش هەڵم گرتوە ماوە ماوە بە دایکم دەڵێم لە سەریکە تا بۆنی بگرێت بۆنت لەگەڵ ساکۆ هیچ جیاوازی نیە ئێستاش زۆر بەی کات کە بیری دەکەم ئەو لەچکەیە بۆن دەکەم بەهەر حاڵ زۆر دڵمان خۆشبوو کاتیش تۆزێک درەنگ هات ساکۆ مەسەلەی سوتانی فەیسبوکی لە بیر نەکرد منیش بەناچاری پێم دا ئەویش سوتاندی کەمێک دڵم تەنگ بوو بەڵام کاتێ گرینگی پێدەدام لە دەسو قاچ دەکەوتم..!

پیاوێکم پێ بلێن بەگرینکی دانی ئافرەت نەبێتە کۆیلە ئیتر کات درەنگی کرد ساکۆش ناو باوەشم بوو باوکم تێلی کرد وتی لە کوێی ساکۆش گوێی لە قسەکان بوو بە باوکم دەوت لە کافتریام ئەویش پێدەکەنی دەیوت درۆزنن ناو باوەشمی هەر باش بوو نەت وت لە مزەگەوتم ..وتم با دایخەم چارەت دەکەم باوکم دەیوت کێ چارە دەکەی وتم هیچ باوکە ، باوکم دەیزانی چوومەتە ژوان هەستی پێکردبوو چوونکە خاڵی ساکۆ بە باوکمی وتبو جارێکی تر بچێتەوە لای کچمان دەیکوژین بۆیە باوکم دەترسا .بە باوکم وت سەحات 7 ونیو دێمەوە وتی باشە بەساکۆم وت گیانم درەنگە لەبەر پاسەکەشت با دوا نەکەوی دە خوڵەکت ماوە دەستی بەردام وتی پاسی چی وتم بۆ بەنیازی چی وتی سێداد !!!..من لە ماڵەوە هەڵاتوم بەیەکجاری هاتوم تا لەگەڵ تۆ بێم و بژیم

تەزوێک لەژێر قاچم هات لە کەلەی سەرم چووە دەر ناخۆشترین مەوقیف لەو ژیانە تێی کەوتبم وتم کاری دووەمت ئەوە بوو؟ وتی بەڵێ ..وتم بۆیەش خۆت تاخیر کرد تا پاسەکەت جێت بێلێ وتی ئەوەش ڕاستە.؟ زۆر لێی پڕ بووم وتم پێشم کەوە وتی نایمە هیچ شوێنک یان لەگەڵ تۆ دێم یان ناو ئەو دارستانە دەمێنمەوە دەستم گرت و ڕام کێشا وتم تۆ چ مرۆڤێکی هاا بۆ من ناتوانم پێت بلێم و بێم هەڵت گرم؟ وتی نا ناتوانی تۆ ترسنۆکی وتم من ترسنۆک نیم بەڵام برام و برات تاوانیان چیە؟ ئەوان باجەکەی بەن باوکت و باوکم دوژمنداریان لە نێوان دابگیرسێت دەنا هەڵگرتنی تۆ وەک ئاو خواردنەوە ئاسانە ئیتر بەو قسانە کەمێ سارد بوویەوە بەناچاری سواری سەیارەکە بوو لە تەنیشتی سوار بوو ڕوی لە جامەکرد زۆر دڵتەنگ بوو پڕ بە هیوا هات بوو بێ هیواش بەڕێم کرد بەڵام من هەر ترسێکم لە دڵ بوو چوونکە کاژێر 6 لای دابوو ئەویش وتی بۆ کوێم دەبەی خۆ بشمبەیتەوە لای زانکۆ پاسەکە ڕۆشتوە

کاتێک ئەو قسەی کرد هەر بەجدی زۆر ترسام چوونکە نەمدەتوانی نە بەجێی بێلم نە بییەم لەگەڵ خۆم نە بیبەمەوە ماڵی خۆیان !..خودایە خۆت فریاد ڕەسی وەرە فریام زۆر قسەم پێی وت وتم پێم نەوتی جارێ باسی هەڵگرتن ناکەین تا نەزانین کار لە کار ترازەوە تۆ بەشو دەدەن پەلەی چیتە نە من ژنم هێناوە نەتۆش شوت کردوە؟ خەیالیشم هەر لای پاسەکە بوو نەڕۆشبێ زۆر بێ هیوابووم وەک بێ هیوا بوونی ساکۆ بۆ هاتنی لەگەڵ من ئیتر گەشتینە بەردەم زانکۆکە قەرەباڵغیک دروست ببوو بە ساکۆم وت ئەمانە کێن زۆر دڵی خۆشبوو وتی ئەمانە جەماحەتی پاسەکەمن کە من لەگەڵیان دێمە زانکۆ !..بۆیە دڵی خۆشبوو چوونکە بە قسەکانم ساردم کردەبووە وە دەشی زانی هەڵەیە وتی سێداد بابچین لەفە بکڕین لەوانیە چاوارێی من بکەن بۆیە وا کۆبونەتەوە گەر قسەشیان کرد دەڵێم لەفەم کڕی،بۆیە درەنگ کەوتم ::وتم ئاا پارەی لەفەکەش من دەبێت بیدەم وتی سندان ڕەزیل بڕۆ دەی چووم لەفەیکم بۆی هێنا بەساردی بێ تەماتەو شت بەس بزانن لەفەیە چووینەوە لای جەماحەتەکە وتی تۆ بۆستە بزانم بۆ نەڕۆشتن کەمێکی پێ چوو هاتەوە وتی سێداد دەزانی زۆر بەبەختی؟؟ وتم بۆ بەبختم؟ چیبوە ؟ وتی لە بەختی تۆ پاسەکەمان تێک چووە بردویانەتە لای فیتر چاکی بکەن !...وتم ئەی سوپاس بۆ خوا لە کۆتایە بەختی پێم دا ئیتر تا پاسەکە هاتەوە ئێمە هەر قسەمان دەکرد لەسەر شەقامەکە ...کات هات دووبارە دەست بەردانو ماڵئاوایش هات پاسەکە هاتەوە بانگی ساکۆیان کرد ساکۆ گریا منیش چەند هەنگاوێک لێی دوورکەوتمەوە ڕێک ڕایکرد بۆ ناو باوەشم منیش توند توند گرتم یەکمان بەرنەدا ئەوەنەی بانگیان کرد ئەوەنەی،توانجیان هاوێشت گریان نەوەستا گریانمان تێکەڵ بە باران بوو هەتا وتی ئەزیزم پێویستە بچمەوە تۆش ئاگاداری خۆتبە منیش بەگریانەوە وتم )خۆشەویستی قوڵای خۆی نازانێت تا ساتی ماڵئاوای و جیابوونەوە(،،جارێکی تر دەستەکانمی بەردا لێم دورکەوتەوە لەپێش پاسکە ئاوڕێکی دایەوە ماڵئاوای کرد و ڕۆیشت منیش ڕام کرد بۆلای نزار تا گەشتمەوە ماڵێ هەر دڵم لای بوو قسەمان دەکرد کە هاتمەوە

ماڵێ بینیم میوانمان هەیە دایک و باوکیشم وتیان لە کوێ بووی وڵامەکەشیان دەزانی ئیتر بێدەنگ بووم چوومە ژورەکەم قسەم لەگەڵ ساکۆ دەکرد تا بەیانی و باسی گەیشتنمان پێک دەکرد دەموت من سێ سەحات لات بووم خۆم بە بەختەوەر پیاوی دونیا دەزانی ئەی ئەگەر بۆ هەمیشە لەگەڵم بیت؟ دەیگوت منیش بۆتۆ وام کەسم دوای خۆشەویستیمان گەشتە 9 مانگ ئاگادار بووم ساکۆ هەڕەشەی شوکردنی لەسەرە نەشی دەتوانی بەمن،بلێتەوە بێزاریش ببوو لە جوێن و قسەی ناخۆش لە ماڵێ !!.ئیتر دەسی دەکرد بە پێچ و پەنا دەیگوت دایکم جوێن دەدات خۆم بکوژم نەجاتم بێت لەهەموو شتێک باشترە منیش هێورم دەکردەوە وەک منالێکی بێ باوک ..نازم پێدەدا هەتا ڕۆژێ وتی دایکم پێی وتم سێداد تۆ نابینی ئەگەر خۆشی بە فیشەک بکوژێت زۆر جنێو دەدات تەواو بێزارم منیش باش تێدەگەیشتم ساکۆ چیدەوێت دەویست بچمەوە داوای بەڵام من کۆمەڵێ کێشەم هەبوو کێشەی خێزانی کاتێ لای ساکۆ هاتمەوە بۆ ڕۆژی دوای براکەم ژنی هەڵگرت پارەو سەیارەو هەموو شتێکی بردم ماڵمان وەک تاحزیە وابوو دایکم هەر دەگریا بۆ جەرگی باوکم پشتی شکا بەو ڕوداوانە ساکۆش زۆر زەحتی لێدەکردم منیش پێم دەگوت وا جەژن،هات ماڵمان پڕ کێشەیە زۆز بێنازم خۆت نازم پێبدە پێویستم بەنازی تۆیە خۆتم بەسەر تورەمەکە کەچی ئەو باکی بەو قسانە نەبوو هەوای ڕۆیشتن لێی دابوو ..وتی وەرە داوام سێداد وتم بەڵێنم داوە

بەڵێنی خۆم دابوو کە بەس جارێک ماڵیمان بچنە داوای ساکۆ بە بوون ونەبوونی ساکۆ جارێکی تر باسی چوونە پێشەوەی نەکەم هەتا خۆیان نەڵێن وەرنەوە داوای !..چوونکە ئێمە هەر چاوەڕێی وڵامیان بووین لە کۆتایە ساکۆ وردە وردە خۆی لەبەردڵی دەخستم قسەی دەشکاندم دەمزانی گەیشتومەتە کۆتای ڕێگا

ساکۆش لە ڕووی نەدەهات بلێ وازبێنە دەیزانی بۆ یەک نابین بوونیشمان پێکەوە تەنها کات بە فیڕۆدانە وە لەگەڵیشم ڕای ناگرد گەر کاتی هاتبا !!.بۆیە بڕیاری خۆی دابوو بەردوام قسەم دەشکا!

!!...زۆر جار دووبارە کردنەوەی هەمان هەڵە نەزانین نیە بەڵکو هەلبژاردەیە

لەکۆتایە قسەی لەگەڵ هەمان ئەو کوڕە کردەوە کە پێشتر بەشەڕ هاتین چووومە ناو فەیس بووکی بینیم قسەیان هەیە هیچم نەوت بەس وەک گرکان گڕم گرتبوو چاوەڕێم دەکرد بێتەوە خەت لە کۆتایە هاتە خەت وتم بۆ قسە لەگەڵ ئەم کوڕە دەکەی وتی پێشتریش پێم وتی ئەو وەک برامە وتم پێشتریش پێم وتی من قبولم نیە وتم ئێستا فەیسبوکت دەسوتێنم دەزانم کوێت دێشێ بەس ڕووت،نیە بیلێ نامەوێت دوای جیابوونە یەکتری ناشرین کەین هەرنا ڕۆژێک هەڵبژاردەی دڵی یەکتر بووین بەس نزیکەی دە ڕۆژە قسەم دەشکێنی بە پێچ قسە دەکەی خوات لەگەل فەیسبوکت سوتا ..وتی سێدااد سێدااددد ڕێک فەیسبوکیم سوتاند سێ تێلی کرد هەڵم نەگرت ئیتر حەفتەیک بێدەنگ بووین

جەژنیش هات بۆ خەڵک جەژن بوو بۆ مالی ئێمە شین و گریانبوو نە جلم کڕی بوو نەخۆمان ئامادە کردبوو بۆ جەژن ڕێک شین و تاحزیە بوو لە ماڵمان براکەشم بێ سەرو شوێن بوو ساکۆش هیچ هەوالی نەبوو هەتا لە ڕۆژی جەژن "گەیلان "نامەیکی نارد وتی سێدادی برام ساکۆ نامەی بۆم نارد وتی نیشانی سێدادی بدە کە نامەکەیم بینی جەژنە پیرۆزەی کردبوو سلاویشی هەبوو بەنامەکشی دیار بوو کە بیرم دەکات ئاددم کردەوە کۆمەڵێ قسەمان کرد و وتی پێویستە وازبێنیت منیش وازدێنم دایکم کوڕێکی دکتۆر دەناسێ ڕەنگە ئەو بێتە داوام !..منیش وتم هەمووکات خۆشم دەوێیت ئەوەش کە بڕیاری خۆتە من ناتوانم ڕێگربم ئیتر وتی گەردەنت ئازاد بێ

مۆبایلو شتم دەدەمەوە برام نامەوێت چیتر بە بینیی یەک یەکتر ئازاردەین وتم خوات لەگەڵ ئیتر کۆتای پێهات هەموو شتێ لەو ساتەوە تا ئێستا هەواڵی یەک نازانین نازانم مردوە زیندوە شوی کردوە؟؟ ئەویش هیچی من نازانێت بەس لێرەوە

!...هههه هیوای دڵ خۆشی بۆت دەخوازم خانەم

چی ئەبوو دایکم هیچ کات منی نەهێنابایە دونیا؟

چی ئەبوو ئەگەر قاچم بشکابایە بەڵام منی بۆ لای تۆ نەهێنایە؟؟

چی ئەبوو هیچ کەس دڵمی نەشکاندایە؟؟

چی ئەبوو هیچ کات نەگریابام

چی ئەبوو وەک خۆت دڵ ڕەق بوومایە؟؟

بم وتبایە ئەڕۆم و ناگەڕێمەوە

چی ئەبوو شەوێک خەوم لێبکەوتایە؟؟

کە بەخەبەر هاتبام بەیانی تۆم لابی؟؟

چی دەبوو خودا وتبای ئارەزوێک بکە؟؟

!..ئارەزووم دەکرد تۆ هەر عیشقم بیت

چی ئەبوو تۆی هیمن بویتایە

چی ئەبوو نەم وتبا ئەی خۆزگە؟؟

چی ئەبوو هەر کات هنسکم دەکرد دڵم بۆخۆم نەسوتایە؟

چی ئەبوو ئەگەر دایکم هیچ کات بە گریانەوە ئەو برینانەی تۆ دروستت کردون سارێژی نەکردایە؟

چی ئەبوو ئەگەر  باوکم نەی زانیبا هەموو شەوێک کوڕەکەی  لە ژوورەکەی دەگرێیت؟؟

چی ئەبوو لە دوای تۆ  هیچ کەس گاڵتەی پێم نەکردایە کە وەکو شێتم لێ هاتبوو؟؟

چی ئەبوو ئەگەر لەسەر بەردی قەبرەکەم بنوسن خوات لەگەڵ خۆشەویستەکەم؟

جی ئەبوو  من چەپکێک گوڵم بکڕیبایە و تۆش لە ژوان چاوڕەێت کردبامایە؟؟

چی دەبوو ئەوەندە بەدبەخت نەبوومایە؟؟

چی ئەبوو ئەویش ئاشقم بوایە

چی ئەبوو بە خودام گوتبایە یان ئەوم پێبدە یان گیانم بستێنە؟

چی ئەبوو دواین یادگاری لە تۆ ئەو ڕستەیە نە ئەبوو }بڕۆ ، ونبە ، بمرە{

چی ئەبوو درۆ نەبوایە کە دەیان وت عاشق بیت دڵت ناشکێنن؟

.چی ئەبوو دایک و باوکم نەبوایە

به بێدەنگی دەنوسم لەسەر دەفتەری یادگاریەکانم سەربازێکی لابەلای عیشقت ..بووم دۆڕامم !!..لە ژیانم فێربوم تەنیا خۆم لەگەڵ خۆم

بونە پیاو دڵێکی وێرانی دەوێت..*

ڕۆژگار بە ڕۆیشتنت داغ لە دڵم دا تۆ دەزانی دڵم جگە لەتۆ ئومێدێکی تری نیە...؟

...هەوای شار لە دوای تۆ خراپ دڵ گیرە

تۆش دڵت وەک من گیرۆدەی یادگاریە؟؟

،،ئەژنۆ شکاوەکانم ئێستەش لە ڕێتایە

!..بڕۆ بوکێنیەکەت پیرۆز بێت بڕۆ پێداگریم نیە

!..بڕۆ لە دوای تۆ هەتا نامەوێت ناویشت بێنم

بڕۆ ئیتر چیت ئەوێت لەو لاشەی گیانی نیە؟؟

.تۆ وازت لە دڵێک هێنا خەمی دونیای لەسەر سوارە

وازت هێنا بڕۆ ئەزیزم

ڕۆژێک دێت کە زۆر درەنگە

لەسەر تابوت ناوی سێداد نوسراوە لەسەر تابوتەکە ڕادەوەستی دەستی ساردم دەگری

بە گوێما دەڵێی بۆ کوێ دەڕۆی خۆشەویستم بە چ جۆرێک دڵت هات لەهەر گفتوگۆیک

دەتوت سێداد تۆ بۆمن ناگونجێیت..؟

..ئەمڕۆ جوابی فەحسەکانم بینی

ئاگاداری خۆشەویستەکەت خوێن لە گەروی ناوەستی؟؟

نەکرا نەکرا کەبێیت؟

،...زۆر کات زۆر شت باش نابێت

((: هەندێک کات مرۆڤەکان دەشکێن دڵەکانیان

..بەتەواوی وەک بەرد لە ناو شوشە

..خودات لەگەڵ دواین ئومێدی ناو گۆڕ

!...خودات لەگەڵ لەسەر هەموو ئازارەکانی من تۆی چارەسەر

بگەڕێوە بۆ ماڵ

بگەڕێوە بۆ دڵم

نەخۆشم کەمێ ماوە بڕۆم

بگەڕێوە بۆخەیاڵم

بگەڕێوە بۆ خەونم

!!..چاوەکانم دادەخەم بۆتا هەتایە دەخەوم

..خودات لەگەڵ ماڵ

خودات لەگەڵ بابەتی شەو نوسم

خودات لەگەڵ دایکە

خودات لەگەڵ باوکە

!!!...خودات لەگەڵ خۆشەویستم

...کۆتای